Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# میکانیزمی خستنەڕوو و ئاستەنگەکانی خواست
# لە کەرتی نیشتەجێبوونی
# پارێزگای سلێمانی
# شیکارییەکی ماکرۆ - ئابووری
# (٢٠٠٤ - ٢٠٢٤)

توێژەر: محمد کەریم محمد

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

## پوختەیە :

ئەم توێژینەوەیە وەك شیكارێكی ماكرۆئابووری، گۆڕانكاریەكانی كەرتی نیشتەجێبوون لە دوای ساڵی 2004 و دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان لە پارێزگەی سلێمانی/ حكومەتی هەرێمی كوردستان تاوتوێ دەكات. توێژینەوەكە تیشك دەخاتە سەر ئەو تایبەتمەندیەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی دەكات كە، چۆن گۆڕاوە لە "پەناگەیەكەوە بۆ بزوێنەرێكی ئابووری و كۆگایەك بۆ بەها"، بەڵام بە قووڵی ئاوێتە بووە بە شێواویەكی گەورە بە لێكترازنی فاكتەرەكانی هاوسەنگی خواست و خستنەڕووی یەكەی نیشتەجێبوون تیایدا. هەر لەم ڕوانگەیەوە گریمانەی توێژینەوەكە دەست دەخاتە سەر دەلاقەیەكی فراوان (Gap) لە نێوان توانای دارایی هاوڵاتیان و "بە گشتی" نرخی ئەو یەكانەی لە پرۆسێسەكەدا دەخرێنەڕوو، بەمەش گریمانەكە بۆ چارەسەر گۆڕینی ژینگەی یاسایی و ئابووری، بە تایبەتی لە كەرتە ئابووریەكانی تردا بە كلیلی چارەسەر دەبینێت.

گرنگترین سیمای وەبەرهێنانی نیشتەجێبوونی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، تا ئاستێكی زۆر، لە بواری یەكەی جۆری تێچووبەرز (High-cost) دا خۆی دەبینێتەوە و كەمتر خواستی چینی مامناوەند و هەژارەكانی بەهەند وەرگرتووە واتە (Affordable Housing). خوێندنەوەی ئەم سیمایەش پشت بەستووە بە میتۆدی وەسفی و شیكاری (Data Analysis) بەستووە و ئەو داتایانەش لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaire) بۆ زۆربەی وەبەرهێنەرەكانی یەكەی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی كە، ژمارەیان دەگاتە 22 وەبەرهێنەر و سامپڵێكی هەڕەمەكی لە كۆمەڵگەی كرێنشینان (یەكێتی كرێنشینانی كوردستان) كە، ژمارەیان (180) خێزان بوو لە كۆی 37 هەزار خێزان، كۆ كراوەتەوە پاڵپشت بە بەكارهێنانی شیكاری پەیوەستی (Spearmans correlation) بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەكان.

## گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەو خاڵانەی خوارەوەدا چڕکراوەتەوە:

1. شکستی بازاڕ(MARKET FAILURE): توێژینەوەکە دەریخستووە کە، تەنها بازاڕ (میکانیزمی خواست و خستنەڕوو) ی یەکەی نیشتەجێبوون ناتوانێ ئەو هاوسەنگیە ڕابگرێت بەڵکو پێویستی بە دەستێوەردانی حکومەت هەیە واتە (REGULATORY ROLE).
2. تەڵەی سەرمایە (CAPITAL TRAP): چڕبوونەوەی سەرمایەی کەرتی تایبەتی ناوخۆ لە کەرتی نیشتەجێبووندا، بۆ ئاستێکی زۆر، بۆتە هۆی پەککەوتنی کەرتە بەرهەمهێنەکانی تری وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ.
3. کاریگەرە ماکرۆئابووریەکان: نەبوونی سیستمێکی بانکی پێشکەوتوو (MORTGAGE)، وایکردوە جووڵەی سەرمایە لە بازاڕی نادیسپلیندا تەنها ئامانجی بەدەستخستنی قازانجی خێرایە.
4. ناهاوسەنگی نێوان دیمۆگرافیا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و خواست: تێکڕای پوختەی گەشەی ساڵانەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە کە، خواستی کارا بۆ یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکات (ACTIVE DEMAND) لە نزیکەی 12 هەزار خێزان تێپەڕ ناکات، بەڵام بەرامبەر ئەوە توانای کڕین بە هۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەوە زۆر بە توندی دابەزیوە.
5. توێژینەوەکە جەخت لەسەر پێویستی هەمەجۆرکردنی وەبەرهێنان و "ڕێنمایی زیرەك" دەکاتەوە کە، هاوسەنگی کواڵیتی و تێچوون دروست بکات، سەرەڕای ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی بانکەکان و ناوەندە سەرماییەکانی وەك بازاڕی دۆلار بۆ سەرلەنوێ پەیکەربەندکردنەوەی جووڵەی سەرمایەی تایبەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی سەر وەبەرهێنەر و کڕیار.

## دەستپێک:

بۆ ماوەی زیاتر لە 30 ساڵ پێش ڕاپەڕینی 1991، هەرێمی کوردستان، تا ئاستێك، لە ژینگەیەکی هەڵکشان و داکشانی نائارامی سیاسی وئابووری و ئاسایشی و سەربازی دژواردا دەگوزەرا کە، هەلی گونجاوی پێویستی بۆ زۆربەی خێزان و گەنجەکان پێفەراهەم نەدەکرا کە، بتوانن بە پێی پێویست یەکەی نیشتەجێبوونیان بەردەست بێت یان هاوسەرگیری بکەن. پاش پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمی بەعس، هەرێمی کوردستان و عێراق گۆڕانکاری هەمەلایەنەی بەخۆوە بینی کە، بتوانێ سەرلەنوێ خۆیان بونیادبنێنەوە. هەر لەم چوارچێوەدا لە ساڵی 2004، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای وەبەرهێنانی بە بڕیارێك دەرکرد " لەو فەترەیەدا پەلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارا نەبوو، بەڕێز مام جەلال وەك ڕابەری بزووتنەوەی کوردایەتی دەستەڵاتی ڕاستاندنی بڕیارەکەی دەرکرد" کە، دەرچەیەکی فراوان و لەباری دروستکرد بۆ دەستبردن بۆ چارەسەری زۆر لە کێشە ئابووریە کەڵەکەبووەکان بە گشتی و کێشەی نیشتەجێبوون بە تایبەتی. لەسەر ئەو بنەمایەی کە، پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون تەنها وەك بابەتێکی پەناگە (المأوى) سەیر ناکرێت بەڵکو ئێستا وەك بزوێنەرێکی ئابووری گرنگ سەیر دەکرێت وە فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیری و گەشەی ئابووریە، واتە بریتیە لە ماشێنێکی ماکرۆئابووری، بەڵام وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون، ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕێڕەوێکی تری وەرگرتووە کە، زیاتر وەك سیمای موزارەبە دەردەکەوێت، و سیما ئابووریەکەی زۆر لاواز بووە ،کە یەکەی نیشتەجێبوون پێویستە وەك (موڵك) هێزێکی ئابووری متمانەپێکراوی گەورەی هەبێت وەك کۆگای بەها (مخزن للقيم) و تەنانەت بتواندرێت وەك متمانەی وەرگرتنی قەرزی بانك و دارایکردن سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام ئێستا یەکەی نیشتەجێبوون لە پرۆژە وەبەرهێنەکاندا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەم ڕۆڵەی لە دەست داوە.

هەر لەو کاتەوە بابەتی کێرڤی خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون ڕێرەوێکی هەڵکشانی بەخۆوە بینی، لەسەر بناغەی سووڕی کورتی سەرمایە بە قازانجێکی مسۆگەری باش بۆ بزاوتی سەرمایە، بە تایبەتی کە، هاوتەریب بوو لەگەڵ گەورەبوونی تەوژمی ڕژانی سەرمایە بۆ ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق پاش هەڵگرتنی ئابڵوقەی نێودەوڵەتی یەك لایەنە لەسەر عێراق و دوولایەنە لەسەر هەرێمی (ئابلوقەی نێودەوڵەتی و عێراق) و یەکخستنەوەی دراوی چاپی نوێی عێراق کە، عێراق مامەڵەی پێدەکرد، و دراوی کۆن، ناسراو بە سویسری کە، حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی پێ دەکرد و هەر یەك دیناری سویسری، پاش ڕووخانی بەعس، بە بەهای 150 دیناری چاپی نوێی عێراقی دیاریکرا.

بەردەوامی ئەم پڕۆژەیە ئاسەواری ئابووری و نیشتەجێبوونی گەورەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستکرد، لە پێش هەموویانەوە خستنەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە یەکەی نیشتەجێبوون لە چوارچێوەی گوندی هاوچەرخ لە شار و شارۆچکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە، بۆ ئاستێکی باش توانی هاوسەنگی نێوان خواستی کەڵەکەبوو و هەڵکشانی خستنەڕوو لە بواری نیشتەجێدا مسۆگەر بکات. ئەم وەرچەرخانە تا سەرەتاکانی 2014 بەردەوام بوو، پاش هاتنەکایەی کۆمەڵێك کێشەی سەربازی و ئابووری و سیاسی، کەرتی خانووبەرە سستی بەخۆوەبینی، بەڵام لەگەڵ ئەم سستبوونەش، کێرڤی خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون بە تێکڕایەکی خێراتر LARGER PACE لە تێکڕای خواست گەشەی دەکرد هەتا ساڵی 2024 کە، بەتەواوی ناهاوسەنگی نێوانیان گۆڕا بە قەیرانی قوڵ، تەنانەت وەك هەڕەشەی جدی بۆ هەرەسهێنانی سێکتەرەکە سەیر دەکرێت.

## پێدراوی توێژینەوە:

پەرەپێدانی ژینگەی یاسایی (یاسای وەبەرهێنان و نیشتەجێبوون) و چالاککردنی کەرتە ئابوورییەکانی تر هاوکاردەبن بۆ گەشەپێدانی داهات و کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون.

## کێشەی توێژینەوە:

1. ناهاوسەنگی نێوان خواست و خستنەڕو(Supply-Demand Mismatch): بوونی گاپێکی گەورە لە نێوان تواناى داراییی هاوڵاتیان و نرخی ئەو یەکانەی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەخرێنە ڕوو.
2. کەمی هەمەجۆریی لە وەبەرهێناندا: هەم بە ستوونی وەك چڕبوونەوەی سەرمایە لە یەکە نیشتەجێبوەکانی لە تایپی هایکۆست و پشتگوێخستنی نیشتجێبوونی تایپی لۆکۆست (Affordable Housing) هەم ئاسۆیی لە بوارەکانی دەرەوەی نیشتەجێبووندا.
3. بەربەستە یاسایی و داراییەکان: نەبوونی سیستمێکی پێشکەوتووی "ڕەهنی خانوبەرە Mortgage" کە ببێتە پاڵپشت بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی تایبەت.

## گرنگی توێژینەوە:

1.ڕەهەندی ماکرۆئابووری: نیشتەجێبوون وەك بزوێنەری چەندین کەرتی ئابووری گرنگ Multipliier effects کاردەکات.

2.ڕەهەندی دیمۆگرافی: گرێدانی پێویستی نیشتەجێبوون بە گۆڕانکارییە دیمۆکرافیەکانی هەرێمەوە.

3.ڕەهەندی ڕاکێشانی سەرمایە: چۆنیەتی گۆڕینی پاشەکەوتی ناوخۆیی و سەرمایەی بیانی بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەقینە لە کەرتی ژێرخاندا (خانووبەرەدا).

## کات و شوێنی توێژینەوە:

**سنووری شارەوانی پارێزگەی سلێمانی لە ماوەی 2024-2004**

**لایەنە بەشداربووەکانی stakeholders لە لێکۆڵینەوەی قەیرانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە حکومەتی هەرێمی کوردستان/پارێزگەی سلێمانی:**

1. دەستەی وەبەرهێنان/بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگەی سلێمانی
2. سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
3. ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی
4. کرێچیەکانی پارێزگەی سلێمانی (یەکێتی کرێنشینانی کوردستان)
5. وەبەرهێنەرەکانی کەرتی خانووبەرەی نیشتەجێبوون
6. دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی ئاماری پارێزگەی سلێمانی
7. فەرمانگەی دادی کەسێتی پارێزگەی سلێمانی

## میتۆدی توێژینەوە:

1.توێژینەوەکە بە ڕێچکەیەکی زانستی لەسەر پرۆژەکە کار دەکات بە ڕێگای وەسفی description یان شیکردنەوەی ئاماری داتاکانی data analysis تایبەت بە توێژینەوەکە، و پشتبەست بە شیکردنەوەی ئامار بەتایبەتی ئاستی مەعنەوی significance ی پێنوێنەکان indicators و گۆڕاوەکان variables و پەیوەندی نێوانیان لەسەر بناغەی یاسای پەیوەستی سبیرمان spearmans correlation ئەوەندەی فۆرم و داتا و زانیاری بەردەست لە سێکتەرەکەدا مەودا بدات.
2.توێژینەوەکە، پشت بەستوورە بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە سەرچاوەی جیاجیا و بەکارهێنانی ڕێگای جۆربەجۆری کۆکردنەوەی داتاکان بە پێی تیۆری سامپلینگ sampling theory وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:

## یەکەم: لایەنی خواست لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون:

1.بەکارهێنانی ڕێگای هەڕەمەکی سامپلینگ random sampling لە گەڵ کۆمەڵگەی population ی کرێچی (یەکێتی کرێنشینانی کوردستان/سلێمانی) پەیڕەو کراوە پشت ئەستوور بە فۆرمی ڕاپرسی questionary کە، هاوپێچە لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە پاشکۆی ژمارە 3، و لە کۆی 37 هەزار خێزان تەنها 180 خێزان وەرگیرا واتە بە ڕێژەی (0،048%) کە، گەشتۆتە مەودای range پەسندکراو لە ڕووی تیۆرەی زانستی سامپڵینگی ئامار، لەم بوارەدا سامپلی وەرگیراو پاڵپشتە بە سیستمی مەودای هەڕەمەکی واتە random ranging ی 100 خێزانی لە دیاریکردنی خێزانەکان بۆ سامپڵەکە.
2.بۆ دەستخستنی داتا و زانیاری دەربارەی سامپڵی هاوسەرگیری و جیابوونەوە، لە فەرمانگەی دادی باری کەسێتی پارێزگەی سلێمانی پشت بە سامپڵی مێژوویی بەستراوە بە زنجیرەی ساڵەکانی 2012-2024. هەروەها، دیاریکردنی تێکڕای پووختەی زیادبوونی خێزان لە ماوەی دیاریکراوی داتاکەدا.
3.دەربارەی زانیاری تایبەت بە ژمارەی پێدانی مۆڵەتی خانووبەرە بە هاوڵاتیان لە دەرەوەی سیتیەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە، پشت بە داتاکانی سەرۆکایەتی شارەوانی پارێزگەی سلێمانی بەستراوە.
4.دەربارەی داتا و زانیاری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان لە پارێزگەی سلێمانی، پشت ئەستوور بووە بە ئامادەکردنی ڕاپرسی questionary بۆ هەموو وەبەرهێنەکانی پارێزگەی سلێمانی کە ژمارەیان 22 وەبەرهێنەرە، پاشان دەرئەنجامەکانی بەشێوەی خشتەی تایبەتی ئامار مامەڵەی لەگەڵدا کراوە بۆ شیکردنەوەی ئاماریی و پاشان شیکردنەوەی ئابووری پێدراوە ئاماریەکان.

## بێجگە لەو داتا و زانیارانەی سەرەوە، توێژینەوەکە پشتی بەو خاڵانەی خوارەوەش بەستووە:

1. توێژینەوەکە، بە ئامانجی زانیاری زیاتر، کاریکردووە لەسەر چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی هاوبەشەکانی بەشدار لە وەبەرهێنانی خانووبەرەی نیشتەجێ stakeholders کە، لەسەرەوە وەك بەشداربوو لە توێژینەوەکەدا ئامادەییان هەبووە.
2. سوود وەرگرتن لە پسپۆڕی و شارەزایی لێکۆڵەر لە بوارەکەدا چ وەك پسپۆڕ لە بواری ئابووری چ وەك سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە پلەی وەزیر.

پاش وەرگرتنی داتاکان، تیمی تایبەتی سەر بە دامەزراوەی ڤیژن فاوندەیشن بۆ لیکۆڵینەوەی ستراتیجی، داتاکانیان دۆکیومەنت کردووە بە ئامانجی گواستنەوەیان بۆ بەشی سیستمی شیکردنەوەی ئاماری داتاکان بە شێوەی فیگەر و چارتی تایبەت بە داتاکان و دەرهێنانی پێوەرە ئاماریەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە و هەڵسەنگاندن بۆیان، پاشان دیزیاینکردنی تایبەت بە توێژینەوەکە، لەسەر بناغەی ئەو بەشانەی خوارەوە:

1. ئاستەنگیەکانی کەرتی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون.
2. لایەنی خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی.
3. لایەنی خواست لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی.
4. دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.

## ئاستەنگەکانی کەرتی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون:

لە دوو ڕوانگەوە لێکۆڵینەوەکە ڕاڤەی ئاستەنگیەکانی خانوبەرەی نیشتەجێبوون دەکات کە هەردووکیان لە کۆتاییدا لە قەیرانی داراییکردندا (تمویل) دا خۆی دەبینێتەوە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ:

یەکەم: ئاستەنەنگی دەرەوەی سێکتەرەکان (ژینگەی ئابووری)

دووەم: ئاستەنەنگی ناوەوەی سێکتەرەکان)ژینگەی ناوەوەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون)

## یەکەم: ئاستەنەنگی دەرەوەی سێکتەرەکان (ژینگەی ئابووری)

1. پشتبەستن تەنها بە داهاتی نەوت و هەڵاوسانی کارگێڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرەسی کەرتە ئابووریە بەرهەمدارەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەرهەمهێنا (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار وەك نموونە). لێرەوە، سەرمایەی بەگەڕخراو لەم کەرتانەدا گوازرانەوە بۆ کەرتی بازرگانی و وەبەرهێنانی خانووبەرە، بەتایبەتی پاش دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان و قازانجی خێرا و مسۆگەری کەرتەکە بەهۆی کەڵەکەبوونی خواست لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون پاش سەقامگیری ڕێژەیی سیاسی و ئاسایش لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە دوای 2000وە. دەرئەنجامی ئەو گۆڕانە نێگەتیڤەی پاش ئەوە لە پێکهاتەی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوویدا، کەرتی خانووبەرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو چەقی ناوەندی چڕبونەی سەرمایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مانایەکی تر، جێگۆڕکێی بە هەڵسوڕانی لە کەرتەکانی تری ئابووریدا کرد، بۆیە بە تەوژمی گەورە، ئەو سەرمایانە هاتنە ناو ئەم سێکتەرەوە لە بازنەی تەسکی وەبەرهێنانی خانووبەردا بە ئامانجی قازانجی باش و مسۆگەر و سووڕی خێرای سەرمایەکە.

2. بەشێك لە سەرمایەی وەبەرهێنانی خانووبەرە، کە، لە کەرتەئابووریەکانی ترەوە گوازراونەتەوە بۆ کەرتی خانووبەرە، لە بنەڕەتدا، شارەزایی و پسپۆڕی خانووبەرەی نیە بەڵکو پسپۆڕی بوارەکانی پێشووی خۆی هەیە. بەمەش بەشێك لەم سەرمایە نامۆیە بە کەرتی وەبەرهێنانی خانووبەرە ڕۆڵی نێگەتیڤی هەبووە لە شێواندنی بازاڕی وەبەرهێنانی کەرتی خانووبەرە خۆی، تەنانەت لە سەرمایە پسپۆڕەکانی بوارەکەش، بەمەش لێکترازانی هاوسەنگی خواست و خستنەڕوو لە کەرتەکەدا بەرهەمهاتووە.

3. وونبوونی ڕۆڵی بانك لە ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆتە هۆی بێخاوەنکردنی سەرمایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و تەسلیمکردنی بە قەدەری بازاڕی دەرەوەی بانك و وێڵبوونی ئەو سەرمایە نەتەوەییە، چوونکە خاوەنی ڕاستەقینەی سەرمایە بانکە ، لێپرسراوە لە زانستیبوونی و پڕۆفیشناڵبوونی هەڵسوڕانی سەرمایە و خاوەنی ئەو هەستەوەرانەیە کە، دەتوانێ بە کارامەیی پشت بە داتا و زانیاری و شیکردنەوەی زانیاری ببەستێت و زووتر هەست بە هەڵکشان و داشکانی هەلە ڕەخساوەکان بکات و باشتر کۆنترۆڵی جوڵەی سەرمایە بکات.

4. بە پێچەوانەشەوە، لە غیابی بانك، نموونەی دامەزراوەی ناپرۆفیشناڵ و نازانستی ئابووری وەك بازاڕی دۆلار جێگای دەگرێتەوە. ئەم جێگۆڕکیە بە ڕۆڵی سەرمایە لە نێوان بانك و بازاڕی دۆلار، پشێویی و ئاڵۆزی بازاڕی سەرمایە وەك پەتا و نەخۆشی دەگوازێتەوە بۆ ناو کۆی کایە و سیستمی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان. بزاوتی سەرمایە لە بازاڕی نادیسپلینی بازاڕی دۆلاردا، بێ پلانە و کۆی گەشەی ئابووری بە ئامانج ناگرێت بەڵکو تەنها قازنجی هەنوکەیی short advantages ئاڕاستەی سەرمایەکە دەکات.

5. دابەشبوونی ئابووری کۆمەڵگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لە نێوان دوو جەمسەری کەمینەی کەمی (خاوەن سەرمایە) و زۆرینەیەکی زۆری (بێسەرمایە). هەردوو جەمسەرەکە لە ڕووی ئابووریەوە لێك دابڕاون و ڕایەڵە ئابووریەکان زۆر کەمن کە بەیەکیانەوە گرێبداتەوە. بۆیە جەمسەری سەرمایە بازنەیەکی داخراوی بۆ خۆی دروستکردووە و لە جەمسەرەکەی ترەوە واتە، جەمسەری بێسەرمایە یان سەرمایەکەم، بەردوام لە بازنەی بەهەژاربوونی بەردەوامدا دەسوڕێتەوە بە تایبەتی لەگەڵ هەر دواکەوتنێکی مووچە یان پاشەکەوتکردن یان لێبڕینی مووچە، وە هەتا داهاتی خێزان کەمبێت، توانای دەستخستنی یەکەی نیشتەجێبوون قورستر دەبێت .

کەرتی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە کوردستان، تا ئاستێك، پشت ئەستوورە بە تەکنۆلۆجیا و هێزی کاری شارەزا، بۆیە هاوکارێکی باش نیە بۆ چارەسەری بێکاری بە تایبەتی لە بواری ناهونەریدا، بەهۆی نزمی کواڵیتی هێزی کاری کوردستانەوە.

شکست لە دیزاینکردنی سیاسەتێکی گونجاو بۆ پراکتیزەکردنی یاسای وەبەرهێنان (بەتایبەتی ڕێنمایی زیرەك intelligent regulations) لە دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی کارا کە بتوانێ هاوسەنگی نێوان خواست و خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون لە شارەکاندا بپارێزێت لە بەرژەوەندی کۆی سێکتەر و سەرمایەکە، بۆ نموونە لە نێوان کواڵیتی و تێچوونی یەکەی نیشتەجێبوون، یان بیناسازی ئاسۆیی و ستوونی یاخود چۆنایەتی وەك های کۆست و لۆکۆست یان ناوچەی پرۆژە یاخود بە دواداچوون بۆ دڵنیابوون لە داراییکردن و تامینکردن و مسۆگەری جێبەجێکردن یاخود کارکردن بۆ ئاوێتەکردنی کەرتەکە بە مەرجە پێویستەکانی قەرزی بانك و ...هتد.

## دووەم: ئاستەنگیەکانی ناوەوەی سیستمەکە (سیمای سەرمایەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون):

1.دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان هەلێکی (ئەرێنی)  گونجاوی بۆ سەرمایەی نیشتەجێبوون دروستکرد، لە هەمانکاتدا، هاندەرێکی (نەرێنی) گەورە بوو بۆ بەجەمسەرکردنی و ڕاکێشانی سەرمایەی کەرتەکانی تری ئابووریش بۆ ناو کەرتی خانووبەرە، بە تایبەتی سەرمایەی کشتوکاڵ و پیشەسازی. ئەو چڕبونەوە ڕێژەییەی سەرمایەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبون لە ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستاندا، کە تەنها کەرتی خانووبەرەیە، لەگەڵ بەردەوامی پرۆسێسەکە لە 2006 وە تا ئێستا، کێبڕکێی قازانجی سەرمایەکە بۆ ئاستێك تووندبووە کە، پەراوێزی قازانجی سەرمایەی نیشتەجێبوونی گواستۆتەوە بۆ سفر قازانج ZERO-PROFIT وە بۆ هەندێك سەرمایە تا ئاستی قازانجی ژێرسفر UNDER-ZERO-PROFIT کە، کۆی سێکتەرەکەی خستۆتە ژێر گووشاری هەرەسهێنانەوە.

2.گووشاری داراییکردن (مشكلە التمويل):
وەکو ئاماژەمان پێکرد سەرمایەی نیشتەجێبوون لە کەرتەکانی تری ئابووریەوە گوازراونەتەوە بۆ ئەم سێکتەرە بۆیە سەرمایەی نیشتەجێبوونی کوردستانی پۆلێن کرد بۆ دوو جۆر لە سەرمایەی داراییکردن: یەکێکیان تا ئاستێك سەرکەوتوو بەهۆی شارەزایی پاشخانی بەڵێندەرایەتی، جۆری دووەم، نەگونجاو بۆ کەرتی خانووبەرە بەهۆی پاشخانی لاواز لە شارەزایی بەڵێندەرایەتی ئەمەش بووە هۆی شێواندنی کەرتەکە بە گشتی و کێرڤی تێچوونی بەرزکردەوە کە وەبەرهێنەری ناچاری داراییکردنی گرانبەها کرد (قەرزکردن بە قازانجی زۆر، دابەزاندنی نرخی یەکەی فرۆشتن، کەمکردنەوەی پێشەکی، کەمکردنەوەی قیست و ...هتد).

3.لە ئەنجامی نادیسپلینی بزاوتی سەرمایەی نیشتەجێبوون و غیابی چوارچێوەیەکی گشتی یاسایی بۆ هاوسەنگی نێوان خواست و خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون، هەمیشە کێرڤی خستنەڕوو لەسەرو کێرڤی خواستەوە جووڵەی کردووە. بۆیە سەرمایەی وەبەرهێن هەمیشە کاریکردووە ئەو دەلاقەیە بە کڕیاری هاوردە (دەرەوەی کوردستان) پڕ بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، هەنگاوە کارگێڕیەکانی وەرگرتنی مۆڵەت وەرگرتنی مۆڵەت لە فەرمانگەکانی حکومەتدا، زۆر بارگرانی تێچوون و خەرجی بۆ سەرمایەی وەبەرهێنانی خانووبەرە دروستکردووە کە، تەنانەت نرخی یەکەکانی لۆکۆستەکانیش، بە نرخ نزمیە ڕێژەییەکەشیەوە، لە توانای کڕیاری جەمسەری خواستی کوردستاندا نەبێت هەموو ئەم بارگرانیانە بە ڕێنمایی بەسەر وەبەرهێندا جێبەجێ، بە واتایەکی تر، زۆر جار ڕێنمایی و تێچوونی نافەرمی نەرێنی لەم بوارەدا ڕێگری زۆر دروست دەکەن کە، وەبەرهێنان نەتوانێ گاپی نێوان داوا و خستنەڕوو پڕ بکاتەوە ئەگەر زەوی هەرزانیش بەردەست بێت، وەك لە پارێزگەی سلێمانیدا لە کەرتی وەبەرهێنانی نیشتەجێبووندا دەگوزەرێت .

4. پەیڕەوکردنی سیاسەتی دابەشکردنی ڕیسکی خانووبەرە لەلایەنی وەبەرهێنەرانەوە کاتێك سەرمایەی پڕۆژە کورتهێنانی تووش دەبێت لە ئەنجامی تێچوونی زۆری ژێرخانی پڕۆژە، ناچاری قەرزی گرانبەها دەبێت لێرەشەوە گواستنەوەی بە شێك یان هەموو ڕیسکی زیانی گەورەی سەرمایەی وەبەرهێنان بۆ سەر کڕیارەکانی یەکەکان.

## بەشی یەکەم
## خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون

### قۆناغی گەشەکردنی کەرتی خانوبەرە:


بە گشتی، کەرتی نیشتەجێبوون لە کوردستان کەوتە ژێر گووشاری دوو هێزی سەرەکیەوە، بە دیاریکراوی، لە سەرەتای ساڵەکانی دەستپێکردنی یاسای وەبەرهێنان لە پارێزگەی سلێمانی لە 2006وە. یەکەمیان: گووشاری ئەمنی، کە خۆی لە کرانەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا بە ڕووی جیهاندا بینیەوە لە دوای ڕاپەڕینی کوردستان لە ساڵی 1991، و جۆرێك لە گەشبینی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دروستکرد، دووەمیان: کەڵەکەبوونی خواستی هاوسەرگیری و فراوانبوونی خێزان لە قۆناغە نائاسییەکانی پێشووی کوردستاندا.

دوای ڕاپەڕینی کوردستان دەرگاکان بە فراوانی بە ڕووی کەرتی نیشتجێبووندا کرایەوە، و یاسای وەبەرهێنانیش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ کرانەوە و تەقاندنەوەی قەیرانەکە.

ئەگەر سەیری هێڵی گەشەی کەرتەکەش لە پاش 2006 وە بکەین، دەبینین ڕەنگدانەوەی هەڵکشان و داکشانی باری ئابووری و سیاسی و ئاسایشی قۆناغە جیاجیاکانی کوردستان و عێراقی تیا دەخوێندرێتەوە. دەتوانین کۆی گەشەی کەرتەکە دابەش بکەین بە دوو قۆناغی جیاواز، قۆناغی یەکەم: 2006 -2013 کە، بەگشتی گەشەیەکی بەرچاوی تۆمارکرد، بە مانایەکی تر، گەشەی خستنەڕوو زۆر خێراتر بوو بە مەبەستی هاوتابوون لەگەڵ ئاستی بەرزی خواستی قۆناغەکە، قۆناغی دووەم: 2014-2024 کە تیایدا خواست ووردە ووردە بە ئاستی جیاواز پاشەکشەی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی بڕینی بووجەی هەرێمی کوردستان لە 2013 لە لایەن عێراقی فیدراڵەوە و هاتنە کایەی شەڕی داعش لە 2014. بەڵام ئەم پاشەکشەیەی خواست نەبووە هۆی دابەزاندنی کێرفی خستنەڕوو، بۆیە ئەو ناهاوسەنگیە بەردەوامە و ئێستاش بۆتە هەڕەشە لەسەر سەرکەوتنی کۆی کەرتەکە.

ژمارەی یەکەی بەرهەمهاتوو تەنها لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان لە پارێزگەی سلێمانی دەگاتە 55028 پەنجا و پێنج هەزار و بیست و هەشت یەکە هەتا ساڵی 2024، وەك لە فیگەری ژمارە 1 دا دەرکەوتووە.

فیگەری ژمارە 1




| ژ | ساڵ | ژ. پرۆژە | ك.گ یەکەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | 2006 | 2 | 5,932 |
| 2 | 2007 | 3 | 1,040 |
| 3 | 2008 | 3 | 4,852 |
| 4 | 2009 | 5 | 4,149 |
| 5 | 2010 | 8 | 6,710 |
| 6 | 2011 | 8 | 6,210 |
| 7 | 2012 | 9 | 5,343 |
| 8 | 2013 | 0 | 0 |
| 9 | 2014 | 3 | 3,024 |
| 10 | 2015 | 2 | 2,784 |
| 11 | 2016 | 1 | 792 |
| 12 | 2017 | 0 | 0 |
| 13 | 2018 | 0 | 0 |
| 14 | 2019 | 2 | 1,024 |
| 15 | 2020 | 1 | 183 |
| 16 | 2021 | 2 | 3,582 |
| 17 | 2022 | 2 | 5,648 |
| 18 | 2023 | 1 | 2,880 |
| 19 | 2024 | 1 | 875 |
| 20 | 2025 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | 53 | 55,028 |

سەرچاوە/ داتاکانی دەستەی وەبەرهێنان/بەڕێوەبەرایەتی گشتیوەبەرهێنانی سلێمانی ، 2025

بەڵام بەدەر لە دەستەی وەبەرهێنان چەند لایەنی تر مۆڵەتی دروستکردنی خانووبەرەیان داوە بە سەرمایەی کەرتی خانووبەرە وەك سوود وەرگرتن لە زەویەکانی شارەوانی بەدەر لە یاسای وەبەرهێنان. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری فراوانی کەرتی خانووبەرە بکەین دەبینین لە 192 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تێدەپەڕیوە بەرامبەر نزیکەی 37 هەزار تۆمارکراو لە یەکێتی کرێنشینانی پارێزگەکە، وەك لە خشتەی ژمارە 1 دا ئاماژەی بۆکراوە.

خشتەی ژمارە 1
ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوون بە پێی فەرمانگەی پەیوەندیدار

| | |
|---|---|
| یەکە مۆڵەت پێدراوەکان | 34356 |
| یەکە مۆڵەت و بڕیار پێدراوەکان | 26374 |
| یەکە بڕیاری پێدراوەکان | 43682 |
| ئەو یەکانەی لە پڕۆسەی مامەڵەتپێداندایە | 64600 |
| یەکەی ناو زۆنە گەشتیارییەکان | 15000 |
| یەکەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی | 8000 |
| کۆ | 192012 |

سەرچاوە/داتاکانی دەستەی وەبەرهێنان و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، 2025

## سروشتی دابەشبوونی جوگرافی و ڕیسکی کەرتی خانووبەرە:

خشتەی ژمارە 2 ڕیزبەندی دابەشبوونی ترسناکی (risk) پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دەخاتەڕوو لە ڕووی ئابووری و داراییەوە. ئەم سروشتی دابەشبوونە لە کەرتی نیشتەجێبووندا دیاردەیەکی ناسروشتیە چوونکە بواری وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون پێویستی بە سەرمایەیەکی گەورە و پاڵپشتی بانك و شارەزایی کەڵەکەبوو هەیە، بەڵام سەرەڕای بوونی ژینگەیەکی نائارمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە، ئێستا بە گشتی عێراق و کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێپەڕدەبێت، غیابی پاڵپشتێکی دارایی و بانك و لایەنێکی دڵنیایی (تأمین) یاساییە. ئەگەر تێبینی ئاستی چڕی دابەشبوونی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی بکەین، تێبینی ئاستی ئەو ڕیسکە گەورەیە دەکەین کە، ڕەنگە بەشێکی گەورە لەو ریسك کردنە لە ناشارەزایی سەرمایەکەوە هاتبێت کە، پسپۆڕی لە بوارەکەدا نیە و لە کەرتە ئابوریەکانی تری کوردستانەوە خزابێتە ناو ئەم پڕۆسەیەوە. بۆ نموونە، ڕێژەی 72،7% ی کۆی پڕۆژەکان لای ئەو وەبەرهێنەرانەن کە 1-2 پڕۆژەیان هەیە، و 13،6% کۆی پڕۆژەکان لای ئەو وەبەرهێنەرانەن کە 3 پڕۆژەیان هەیە، و ڕێژەی 13،6% پڕۆژەکان لای ئەو وەبەرهێنەرانەن کە پێنج پڕۆژە بەرەوژووریان هەیە، ئەممش لە کرۆکدا ئاستی ڕیسکی لە کەرتی خانووبەرەدا بەرزکردۆتەوە، وەك لە خشتەی ژمارە 2 ی و فیگەری 2/پاشکۆ، دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 2

ژمارەی پڕۆژەی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنەرەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا

| | دوبارەکان | %فیعلی | % | ڕێژەی کەڵەکەبوو | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەک | 9 | 40.9 | 40.9 | 40.9 | Valid |
| دوو | 7 | 31.8 | 31.8 | 72.7 | |
| سێ | 3 | 13.6 | 13.6 | 86.4 | |
| پێنج و بەرەوژوور | 3 | 13.6 | 13.6 | 100 | |
| کۆ | 22 | 100 | 100 | | |

ئەگەر لە ڕوانگەی ژمارەی پڕۆژە بۆ ناوچەی پڕۆژە لە پارێزگەی سلێمانیدا سەیر بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە، چڕبوونەوەیەکی زۆری پڕۆژە لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا هەیە، بۆیە گەورەترین ریسك بە پڕۆژەوە کەوتۆتە ئەو ناوچانەوە. زۆربەی پڕۆژەکان کەوتونەتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، بۆ نموونە، تەنها ئەو وەبەرهێنەرانەی یەك پڕۆژەیان هەیە بە ڕێژەی 33،3% لە ڕۆژئاوان و 22،2% لە باشوورن، کۆی ئەوانی تر بە ئەندازەی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی چڕبوونەتەوە، وەك لە خشتەی ژمارە 3 دا و فیگەری 3/پاشکۆ، زیاتر تیشکی خراوەتە سەر.

خشتەی ژمارە 3

جێکەوتەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی

| | شوێنی پڕۆژەکەت لە سلێمانی | | | | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕۆژهەڵات باکور ڕۆژئاوا باشور | ڕۆژهەڵات باکور ڕۆژئاوا | ڕۆژهەڵات باشور | ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا | باشور | ڕۆژئاوا | ڕۆژهەڵات | |
| یەک | | | | | 22.2 | 33.3 | 44.4 | 100 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 100 | ٪14.3 | | | ٪71.4 | ٪14.3 | | | دوو | چەند پڕۆژەی نیشتەجێبونت هەیە لە پارێزگەی سلێمانیدا؟ |
| 100 | | | | ٪66.7 | | ٪33.3 | | سێ | |
| 100 | | | | | | ٪33.3 | ٪66.7 | پێنج وبەرەوژوور | |
| 100 | ٪22.7 | ٪13.6 | ٪9.1 | ٪31.8 | ٪4.5 | ٪9.1 | ٪9.1 | کۆ | |

دژواری ئەم دابەشبوونی ڕیسکەش، زۆر ئاستی سەرچاوەی سەرمایەی کوردستان دەگرێتەوە، چ بە ستوونی وەك سەرمایەی وەبەرهێنەکانی خانوبەرە خۆیان، چ بە ئاسۆیی، وەك سەرمایەی کڕیارەکانی یەکە نیشتەجێبووەکان. لەلایەکی ترەوە، ئەمەش تا ئاستێك بەشێك لە ناپڕۆفیشناڵی سەرمایەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوونی شارەکە دەردەخات، چ بۆ کوردستان بە گشتی و چ پارێزگەی سلێمانی بە تایبەتی. دەبینین، ڕێژەی 50٪ وەبەرهێنەکان دەڵێن پڕۆژەکانمان فراوان کردووە و ڕێژەی 4،5٪ دەڵێن پلانی فراوانکردنمان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە، زۆربەیان کێشەی فرۆشتنی یەکەکانیان هەیە و تووشی چەندین قەیرانی سەرمایە هاتوون، وەك لە خشتەی ژمارە 4 و فیگەری 4/پاشکۆ، دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 4

فراوانکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگەی سلێمانی

| ئایا زیادکردنی یەکە (فراوانکردن) بۆ پڕۆژەکەت کردووە؟ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی کەڵەکەبوو | ڕێژەی سەدی ٪ | ڕێژەی ٪ کارا | دووبارەبووەکان | |
| 4.5 | 4.5 | 4.5 | 1 | پلانم هەیە |
| 50 | 45.5 | 45.5 | 10 | نەخێر |
| 100 | 50 | 50 | 11 | بەڵێ |
| | 100 | 100 | 22 | کۆ |

خشتەی ژمارە 3 ناهاوسەنگیەکی ترمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە بواری سروشتی گەشەی ئێستای پارێزگەی سلێمانیدا.

شێوازی دابەشبوونی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی ڕەچاوی دابەشبوونی هاوسەنگی گەشەی شارەکەی نەکردووە، ڕەنگە بەشێکی ئەم ناهاوسەنگیە بە هۆکاری تایبەت لە تێپەڕاندنی پڕۆژەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بۆ نموونە وەك ئاماژەمان پێکرد، ڕێژەی 77،2%ی پڕۆژەکان لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە دووبارە بونەتەوە، ئەم کۆکردنەوەی پرۆژانە لە ناوچەیکی دیاریکراودا، دەرئەنجامی نێگەتیف بۆ شارەکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بە تایبەتی چڕبوونەوەی گووشاری خزمەتگوزاری لەو ناوچەیەدا، کە پێشبینی تێچوونی زۆر و ماوەی درێژخایەن بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو لاسەنگیانە پێویست دەبێت، سەرەڕای شێواندنی نرخی خانوو و زەوی نیشتەجێبوون لە شارەکەدا بە گشتی.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە خاڵێکی دیاری پلانی دروستکردنی شار بدەین کە، پابەندە بە سێ جۆر ڕێڕەوەوە (approachs) بۆ چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون لە جیهاندا، ڕێڕەوی مارکسی Marxist approach کە، بە قورسی حکومەت خۆی پێی هەڵدەستێت، ڕێڕەوی سۆشیاڵ دیموکرات social democrat approach کە، حکومەت کەمتر تێیدا تێکەڵ دەبێت، ڕێڕەوی نیولیبرالیزمNew liberalism approach کە، حکومەت تەنها سیاسەتی بۆ دادەڕێژێت و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات، لە کوردستاندا هیچکام لەم ڕێڕەوانە پەیڕەو ناکرێت. هەروەها لە دروستکردنی شاردا بە جۆرێك لە جۆرەکان پێویستە پابەند بێت بە بنەمای مۆرفۆلۆژی بنیاتنانی شار، واتە لە ڕێگەی پشتبەستن بە شیکردنەوەی شوێنی spatial) analysis) لە سیستمی زانیاری جوغرافی GIS بە مەبەستی دیاریکردنی شێوەی شار city form بە پێی پۆلێنکاریە مۆرفۆلۆژیەکان لە پلاندانانی شار بۆیە زۆر گرنگە تێگەشتن لە گۆڕانکاریە مۆرفۆلۆژیەکانی شار و دابەشبوونی بەکارهێنانی زەوی کە، کلیلی سەرەکیە بۆ دەستنیشانکردنی لادانە ئابووریەکان لە بازاڕی خانووبەرەدا، چوونکە گەشەی بێ سەروبەری فیزیکی شار زۆر جار دەبێتە هۆی بچڕانی پەیوەندی نێوان شوێنی نیشتەجێبوون و توانای دارایی هاووڵاتیان .

ناهاوسەنگیەکیتر کە، ڕەچاو بکرێت، وەك لە خشتەی ژمارە 5 دەرکەوتووە، ئەو ناهاوسەنگیەیە لە شێوازی دابەشبوونی وەزیفی یەکەی نیشتەجێبوونە لە نێوان تێکەڵ (mix) (واتە گەشتیاری و یەکەی نیشتەجێبوون بە یەکەوە) و باڵەخانە (ئەپارتمان) و خانوو. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ڕووەوە، نزیکەی 63،6% یەکەکان لە تایپی باڵەخانەن کە، بە خاڵێکی زۆر ئەرێنی ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە واتە ڕێژەی 36،4% شێوازی تێکەڵ و خانووە، کە، ڕێژەیەکی تا ئاستێك بەرزە، و فیگەری 5/پاشکۆ.

خشتەی ژمارە 5
دابەشبوونی یەکەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون
لە نێوان میکس و شوقە و خانوو لە پارێزگای سلێمانی

| جۆری یەکەکانی پرۆژە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبووەکان | ٪ی کارا | ٪ | |
| تیکەڵ ( میکس ) | 6 | 27.3 | 27.3 | |
| شوقە | 14 | 63.6 | 90.9 | |
| خانوو | 2 | 9.1 | 100 | |
| کۆ | 22 | 100 | | Valida |

ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمپانیاکانەوە و جۆری یەکەکانەوە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون دووبارە هەڵسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە، ئەو کۆمپانیانەی یەك پرۆژەیان هەیە جۆرێك لە هاوسەنگی هەیە لە یەکەکانیدا لە نێوان میکس (تێکەڵەیەکە لە یەکەی نیشتەجێبوون و گەشتوگوزار) و شوقەدا کە، جۆرێك لە دابەشبوونی بەرژەوەندی لە نێوان زەوی و یەکەدا پاراستووە لە ڕێگەی تەرخانکردنی 22،2% بۆ یەکەی میکس و 77،8% بۆ یەکەی شوقە، کۆمپانیا خاوەن دوو پرۆژەی وەبەرهێنان لە ڕووماڵەکەدا، هاوسەنگیەکەی زیاتر پاراستووە لە نێوان میکس 14،2% و شوقە 71،4% و خانوو 14،3%. لە کۆمپانیا سێ پرۆژەییەکاندا زیاتر ڕەچاوی ئەم هاوسەنگیەی کردووە، بۆ نموونە یەکەی میکسیان لە پرۆژەکانیاندا لابردووە کە، زیاتر لە بەرژەوەندی دروستکردنی یەکەدا شکاوەتەوە و زیاتر پارێزگاری لە زەوی کردووە، کە، بە ڕێژەی 100% چۆتە شوقە 66،7% و خانوو 33،3% . بەڵام ناهاوسەنگیەکە لە کۆمپانیاکانی پێنج پرۆژە وبەرەوژوور ڕەچاوکراوە کە 100% خۆی تەرخان کردووە بۆ یەکەی میکس، وەك لە خشتەی ژمارە 6 دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 6
ژمارەی پڕۆژە بۆ هەر وەبەرهێنێك و جۆری
جۆری یەكانی پڕۆژەكە لە پارێزگای سلێمانی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| CROSSTABULATION<br>چەند پڕۆژەی نیشتەجێبونت هەیە لە پارێزگەی سلێمانی؟جۆری یەکەکان چۆنن؟ | | | | | |
| چەند پڕۆژەی نیشتەجێبونت هەیە لە پارێزگەی سلێمانی ؟ | | | | | |
| | | جۆری یەکەکان چۆنن ؟ | | | کۆ |
| | | خانوو | شوقە | میکس | |
| چەند پڕۆژەی نیشتەجێبونت هەیە لە پارێزگەی سلێمانی | یەک | 0 | ٪77.8 | ٪22.2 | 100 |
| | دوو | ٪14.3 | ٪71.4 | ٪14.3 | 100 |
| | سێ | ٪33.3 | ٪66.7 | 0 | 100 |
| | پێنج و بەرەوژوور | 0 | 0 | ٪22.2 | 100 |
| | | ٪9.1 | ٪63.6 | ٪22.2 | 100 |

## سروشتی جوڵەی سەرمایەی تایبەتی کوردستان لە کەرتی خانووبەرەدا:

وەبەرهێنانی خانووبەرە، یەکێکە لەو کەرتە ئابووریانەی پێویستی بە سەرمایەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی بازنەکانی دابینکردن (supply chain) دوانەکەوێت لە جێبەجێکردنی قۆناغەکانی بیناسازیدا، چوونکە لە وەبەرهێناندا بە گشتی (کات time) بریتیە لە تێچوون.

قورسایی سەرمایەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنەرەکان وەك لە خشتەی خوارەوە دەرکەوتووە، و ڕێژەیەکی کەم کڕیارەکان لە ئەستۆیان گرتووە کە، داهاتیان پەیوەستە بە مووچە و بوارەکانی تری داهات، بەشێکی گەورە لەم سیماگرتنەی سەرمایەی کوردستان لەو جێگۆڕکێیەوە سەری هەڵداوە کە، سیستمی گومرگی کوردستان بۆ سەرمایەی کوردستانی دروست کردووە و کەرتەئابووریەکانی تری تووشی ئیفلیجی کردووە سەرمایەکەیانی گواستۆتەوە بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە و ڕووبەری بێکاری و هەژاری فراوان کردووە.

پشکی بەشداری وەبەرهێنەر لە تێچوونی پڕۆژەکان دەگاتە نزیکەی 86،5% و کڕیار تەنها 4،5% ی لە ئەستۆ گرتووە، وەك لە خشتەی ژمارە 7 و فیگەری 6/پاشکۆ دەرکەوتووە. واتە دەلاقەیەکی (gap) گەورە هەیە لە نێوان فرۆشتن و جێبەجێکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە ڕووی داراییەوە کە، وەبەرهێنەر ناچار دەکات بۆ پڕکردنەوەی گاپەکە، پڕۆسەی جێبەجێکردن خاوکاتەوە، بەمەش تێچوون بەرزدەبێتەوە وەك (کات و کارگێڕی) کە هەردوکیان تێچوونن.

خشتەی ژمارە 7

سەرچاوەکانی داراییکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە سلێمانی

| دەقی پرسیارەکە: لە چ ڕێگەیەکەوە سەرچاوەی دارایی (تمویل)ی پڕۆژەکەت دەستەبەر دەکەیت؟ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی ٪ی کارا | ڕێژەی ٪ | ڕێژەی کەڵەکەبوو | |
| قەرزی بانک | 4.5 | 4.5 | 4.5 | کارا |
| فرۆشتنی یەکەکان | 4.5 | 4.5 | 9 | |
| هاوبەشەکانم | 4.5 | 4.5 | 13.5 | |
| سەرمایەی خۆم | 86.5 | 86.5 | 100 | |
| کۆ | 100 | 100 | | |

## قەیرانی سەرچاوەکانی دارییکردنی وەبەرهێنانی خانووبەرە:

ئێستا سەرمایەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە کوردستان بە گشتی و پارێزگەی سلێمانی بە تایبەتی، لە قەیرانێکی قوڵی داراییدایە کە، ناتوانن بە ئاسانی دەربازبێت، چوونکە کێشەی هەرە گەورەی کەرتەکە زۆری خستنەڕووە و لە بەرامبەردا کەمی خواستە، وەك لە زۆربەی خشتەکاندا دەرکەوتووە. لە خشتەی ژمار 8، فیگەری 7/پاشکۆ تێبینی دەکەین سەرمایەی پێویست بۆ کڕینی یەکە نیشتەجێبوونەکان سەرچاوەکانیان مووچەی حکومەتە بە ڕێژەی 81،8% کە، مووچە ئێستا متمانەی خۆی لەدەست داوە وەك خولی فەرمی پێدانی مووچە یاخود وەك ناڕوونی لە کاتەکانی پێدانیان، یاخوود لە تەواوی سەرفکردنی، بە پێچەوانەی وەبەرهێنانی سەرکەوتوو کە، پێشمەرجەکانی ڕوونی ژینگەی سەرمایەیە. دەبینین بەشداری کارمەندی کەرتی تایبەت زۆر کەمە لە 9،1% تێپەڕ ناکات و کاری سەربەخۆ واتە کاری خوود لە 9،1% زیاتر نیە، لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە، وەبەرهێن دەکەوێتە ژێر گووشاری بە دەستخستنی سەرمایە بە هەرچ نرخێك بێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی لە کاتی خۆیدا بە پێی ئەو گرێبەستەی هەیەتی لەگەڵ کڕیاردا.

خشتەی ژمارە 8

سەرچاوەیداهاتی کڕیارەکانی یەکە نیشتەجێبووەکان لە پارێزگای سلێمانی

| زۆرینەی کڕیاری یەکەکانتان سەرچاوەی داهاتیان لە کوێوە بەدەست دەهێنن؟ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی ٪ی کارا | ڕێژەی ٪ | ڕێژەی کەڵەکەبوو | |
| مووچەی حکومەت | 18 | 81.8 | 81.8 | 81.8 | کارا |
| کەرتی تایبەت | 2 | 9.1 | 9.1 | 90.9 | |
| کاری سەربەخۆ | 2 | 9.1 | 9.1 | 100 | |
| کۆ | 22 | 100 | 100 | | |

دەبینین لە خشتەی ژمارە 9، فیگەری 8/پاشکۆ دا، ڕێژەی 68،2% وەبەرهێنەکان دەڵێن کڕیارەکان قیستەکان دوادەخەن، کە، ئەمە لە بنەڕەتدا تێچوونە بۆ وەبەرهێن کە، بەرامبەر ئەم دواکەوتنی قیستە ناتوانن جێبەجێکردن دوابخات چونکە لانی کەم دەکەوێتە ژێر گووشاری تێچوونی کات و کارگێڕییەوە، لە هەمان کاتدا 31،8%ی وەبەرهێنەرەکان دەبینن خەڵکی ناتوانن یەکەی نیشتەجێبوون بکڕن چ بۆ نیشتەجێبوون یاخود بۆ مامەڵە (مضاربة) بە ئامانجی قازانج.

خشتەی ژمارە 9
کاریگەریەکانی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران لەسەر فرۆشتنی
یەکەکانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی

**دواکەوتنی مووچە چ کاریگەریەکی لەسەر فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون دروست کردووە؟**

| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی ٪ ی کارا | ڕێژەی ٪ | ڕێژەکەڵەکەبووەکان |
|---|---|---|---|---|
| یەکەی نیشتەجێبوون ناکڕن | 7 | 31.8 | 31.8 | 31.8 |
| قیست دوادەخەن | 15 | 68.2 | 68.2 | 100 |
| کۆ | 22 | 100 | 100 | |

خشتەی ژمارە 10 ، فیگەری 9/پاشکۆ، ئاستی گووشاری سەر وەبەرهێنەرەکان دەردەخات کە، 54،5% وەبەرهێنەرەکان دەڵێن دواکەوتنی مووچە کاریگەری (خراپ) ی هەیە و 45،5% تاکید دەکەنەوە لە ئاسەواری (زۆر خراپ)ی دواکەوتنی مووچە لەسەر پڕۆژەکانیان کە، دەرئەنجام داهاتوویەکی ڕەشبینیان بۆ دروست دەکات پاڵپشت بەو ڕاستیەی کە، کۆی بژاردەکانی (خراپ و زۆر خراپ) ڕێژەکەیان دەگاتە 100%.

ئەگەر ئاستی گووشار لەسەر وەبەرهێن، بەپێی ژمارەی پرۆژە هەڵسەنگێنین، حاڵەتێکی زۆر نالۆژیك تێبینی دەکەین لە پڕۆسێسی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا، بۆ نموونە، هەتا وەبەرهێن پڕۆژەی زۆرتر بێت، کەمتر هەست بە گووشاری دواکەوتنی مووچە دەکات بەراورد بەو وەبەرهێنانەی ژمارەی پڕۆژەکانیان کەمە، بێجگە لەو کۆمپانیایانەی کە، 3 پڕۆژە و یەك پڕۆژەیان هەیە.

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر فاکتەری سەرچاوەی دارایی کڕیار و فرۆشی یەکەی نیشتەجێبوون، دەبینین کاریگەری دواکەوتنی مووچە لەسەر فرۆشی یەکەکانی خانووبەرە دوو بژاردە دیاریکراوە (خراپ) و (زۆر خراپ)، ئەو کۆمپانیانەی دوو پرۆژە و ئەوانەی پێنج پرۆژە بەرەوژووریان هەیە لە بژاردەی تەنها (خراپ) دا کۆبونەتەوە، بە واتای ئەوەی کاریگەری دواکەوتنی مووچە لایان (زۆر خراپ) نیە. ئەو وەبەرهێنەرانەی یەك پڕۆژەیان هەیە، بۆ کاریگەری دواکەوتنی مووچە بە ڕێژەی 77،8% بژاردەی (زۆر خراپ)یان پەسەند کردووە، خاوەن دوو پرۆژە 14،3% و خاوەن سێ پرۆژە ڕێژەی 66،7%، بەڵام خاوەن پێنج پرۆژە و بەرەوژوور هیچ کاریگەریەکیان لەسەر نیە. دەکرێت هۆکاری ئەم دیاردەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە وەبەرهێنەر هەتا پڕۆژەی زیاتری هەبێت، ڕووبەری (مناوەرە) کردنی بۆ دابینکردنی دارایی زیاترە، لانی کەم لە (ماوەی کورتخایەن و مامناوەندا)، وەك لە خشتەی ژمارە 11 دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 10
کاریگەری دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران لەسەر فرۆشی یەکەکانی
نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی لە ڕوانگەی وەبەرهێنەرەکانەوە

## کاریگەری دواکەوتنی مووچە چۆن دەبینی لەسەر فرۆشتنی یەکەکانی پڕۆژەکەت؟

| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی ٪ ی کارا | ڕێژەی ٪ | ڕێژەکەڵەکەبووەکان | |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر خراپ | 10 | 45.5 | 45.5 | 45.5 | |
| خراپ | 12 | 45.5 | 54.5 | 100 | |
| کۆ | 22 | ٪100 | ٪100 | | |

خشتەی ژمارە 11
کۆبەستی ژمارەی پڕۆژەی هەر وەبەرهێنەرێك لە پارێزگەی سلێمانی بە بۆچونیان
دەربارەی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران لەسەر فرۆشی یەکەکانیان

CROSSTABULATION
چەند پڕۆژەی نیشتەجێبونت هەیە لە پارێزگەی سلێمانی؟ کاریگەری دواکەوتنی مووچە
چۆن دەبینن لەسەر فرۆشی یەکەکانی پڕۆژەکەت؟

چەند پڕۆژەی نیشتەجێبونت هەیە لە پارێزگەی سلێمانی ؟

| | | کاریگەری دواکەوتنی مووچە چۆن دەبینن لەسەر فرۆشی یەکەکانی پڕۆژەکەت ؟ | | |
|---|---|---|---|---|
| | | خراپ ٪ | زۆر خراپ ٪ | کۆ ٪ |
| چەند پڕۆژەی نیشتەجێبونت هەیە لە پارێزگەی سلێمانی ؟ | یەک | 22.2 | 77.8 | 100 |
| | دوو | 85.7 | 14.3 | 100 |
| | سێ | 33.3 | 66.7 | 100 |
| | پێنج بەرەوژوور | 100 | | 100 |
| | کۆ | 54.5 | 45.5 | |

## خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون و ڕای وەبەرهێنەرەکان:

هەر لەم ڕووەوە، ڕای وەبەرهێنەرەکانی نیشتەجێبوون لە 3 خشتەدا وەرگیراوە دەربارەی کە، (بازاڕی خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سایمانی چۆن دەبینن، و بە ڕای ئەوان گرنگەکانیان کامانەیە؟)، لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە زانستی ئامار دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارە پەنامان بردۆتە بەر هەڵبژاردنی ڕاکان لەسەر بناغەی یاسای مۆد (MOD) بۆمان دەردەکەوێت کە، 86،9% ڕایان وایە خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون زۆرە و کڕیار کەمە، ڕێژەی 45،5% ڕایان وایە کڕیار هەیە بەڵام هۆکاری نەکڕین نەبوونی متمانەیە، و 36،4% ڕایان وایە تەنها یەکەی بچووك و کەمتێچوو دەفرۆشرێت، وەك لە خشتەی ژمارە 12 ، فیگەری 10/ پاشکۆ دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 12
ڕای وەبەرهێنەران لەسەر خستنەڕووی یەکەی
نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی

| جۆری ڕای وەبەرهێن لەسەر خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون | ژمارە لە کۆی 22 وەبەرهێن | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| خستنەڕووی یەکە زۆرە و کڕیار کەمە | 19 | %86.3 |
| کڕیار هەیە بەڵام دڵنیا نیە | 10 | %45.4 |
| تەنها یەکەی کەمتێچوو دەفرۆشرێت | 8 | %36.3 |

بەهەمان شێوە ڕای وەبەرهێنەرەکان وەرگیراوە دەربارەی دابەشکردنی زەوی نیشتەجێ بەسەر فەرمانبەراندا و کاریگەری لەسەر فرۆشی یەکەکانیان، وەك لە خشتەی ژمارە 13و فیگەری 11/پاشکۆدا پاشکۆ هاتووە. بە پێی لۆژیك دەبێت دابەشکردنی زەوی ئاستی فرۆشی یەکەی نیشتەجێ دابەزێنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە 59،1% ڕایان وایە کە کاریگەری کەمە و 9،1% ڕای وایە هیچ کاریگەری نیە، دیارە نەبوونی کاریگەری دابەشکردنی زەوی نیشتەجێ لەسەر بازاڕی یەکەی نیشتەجێبوونی پرۆژەکان ئەوە بووە کە، کاتێك بڕیارەکە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە دەرکەوتووە کە، زەویەکان زۆر دوورە دەستن لە شارو خزمەتگوزاری پێویستەوە بۆیە بە ڕکابەری پرۆژەکانی خۆیانیان نەبینیوە.

بەڵام بە پێچەوانەوە، لە قۆناغی ڕاگەیاندنی دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبووندا، کاریگەریەکەی لەسەر فرۆشی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون زۆرتر بووە، بە ڕای وەبەرهێنەرەکان، بەراورد بە قۆناغی جێبەجێکرنی فەرمانی دابەشکردنی زەوی. دەبینین ڕێژەی 72،7% ی وەبەرهێنەرەکان لە هەڵسەنگاندنی بڕیاری دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون، ڕایان (زۆر خراپ و خراپ) بووە، بە جۆرێك تەنها ڕێژەی 22،7% ڕایان وابووە کە، کاریگەری نیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە، وەبەرهێنەرەکان دەرچوونی بڕیارەکەیان بە گووشارێکی گەورەی ڕکابەر بۆ پڕۆژەکانیان زانیوە کە، ڕەنگە لەو ناوچانە زەوی دابەش بکرێن کە نزیکن لە شار و خزمەتگوزاری پێویستەوە، بەمەش دابەشکردنی زەوی کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر فرۆشی یەکەکانیان، بەڵام پاش جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەرکەوت زەویەکان دوورن لە شار و ناوچەی خزمەتگوزاریەوە و هەتا داهاتوویەکی دوور نابنە ڕکابەری ڕاستەقینە بۆ پڕۆژەکانیان، وەك لە خشتەی ژمارە 14 و فیگەری 12/پاشکۆ دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 13

کاریگەری دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون لەسەر فرۆشی یەکەکانی نیشتەجێبوون

| ئایا لە دوای ڕاگیاندنی دابەشکردنی زەوی بەبازاڕکردن و فرۆشتان چۆنە؟ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی ٪ی کارا | ڕێژەی ٪ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی کەڵەکەبوو | کارا |
| زۆر | 31.8 | 31.8 | 7 | 31.8 | |
| کەم | 59.1 | 59.1 | 13 | 90.9 | |
| نیەتی | 9.1 | 9.1 | 2 | 100 | |
| کۆ | 100 | 100 | 22 | | |

خشتەی ژمارە 14

کاریگەری دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون لەسەر فرۆشی یەکەکانی نیشتەجێبوون

| ئایا لە دوای ڕاگیاندنی دابەشکردنی زەوی بەبازاڕکردن و فرۆشتان چۆنە؟ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی ٪ی کارا | ڕێژەی ٪ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی کەڵەکەبوو | کارا |
| زۆر خراپە | 18.2 | 18.2 | 4 | 18.2 | |
| خراپە | 54.5 | 54.5 | 12 | 72.7 | |
| کاریگەری نیە | 22.7 | 22.7 | 5 | 95.5 | |
| هیتر | 4.5 | 4.5 | 1 | 100 | |
| کۆ | 100 | 100 | 22 | | |

## نیشتەجێبوون لەبەردەم ڕای وەبەرهێن و چارەسەر بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون:

توێژینەوەکە ڕای وەبەرهێنەرەکانی نیشتەجێبوون بە گرنگ وەرگرتووە بۆ تێگشتن لە کرۆکی کێشەکە، لەڕێگای 3 خشتەوە، وەك لە فیگەرەکانی دەربارەی کە، (چی بە کێشەی سەرەکی دەزانیت لە بازڕی یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی و گرنگەکانیان کامانەن؟)، لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە زانستی ئامار دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارە پەنامان بردۆتە بەر هەڵبژاردنی ڕاکان لەسەر بناغەی یاسای مۆد (mod) بۆمان دەردەکەوێت کە، 68،82٪ ڕایان وایە کێشەکەیان زۆری مۆڵەتی پرۆژەی نیشتەجێیە، ڕێژەی 50،0٪ ڕایان وایە زۆری ڕسووماتی حکومەتە، و 45،5٪ ڕایان وایە قەیرانی دارایی و نەبوونی کڕیارە، وەك لە خشتەی ژمارە 15 و فیگەری 13/پاشکۆ دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 15
بژاردەکانی وەبەرهێنەرەکان لەسەر مۆڵەت،
ڕسومات و نەبوونی کڕیار بە ڕێژەی سەدی

| ڕێژەی % | ژمارە لە کۆی 22 وەبەرهێن | جۆری ڕای وەبەرهێن |
|---|---|---|
| %68.18 | 15 | زۆری مۆڵەتی پڕۆژەی نیشتەجێ |
| %50 | 11 | زۆری ڕسووماتی حکومەت |
| %45.45 | 10 | قەیرانی دارایی و نەبوونی کڕیار |

هەر لە هەمان ڕوانگەوە پرسیار کراوە (چ ڕێگایەك بە گرنگ دەزانیت بۆ فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجێبوون و 3 گرنگیان کامانەیە؟) لە 54،5% ڕایان وایە مۆڵەتی پڕۆژەی نیشتەجێبوون ڕابگیرێت، ڕێژەی 45،5% پێیان وایە بارگرانی لاوەکی و فەرمی بۆ وەبەرهێن درووست نەکرێت، و 31،8% وای دەبینن قەرزی بانك بۆ وەبەرهێن دەستەبەر بکرێت، وەك لە خشتەی 16، فیگەری 15/پاشکۆ دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 16
بژاردەکانی وەبەرهێنەرەکان لەسەر مۆڵەت
ڕسومات و نەبوونی کڕیار بە ڕێژەی سەدی

| ڕێژەی % | ژمارە لە کۆی 22 وەبەرهێن | جۆری ڕای وەبەرهێن |
|---|---|---|
| %54.5 | 12 | مۆڵەتی پڕۆژەی نیشتەجێبوون ڕابگیرێت |
| %45.5 | 10 | بارگرانی لاوەکی و فەرمی بۆ وەبەرهێن دروست نەکرێت |
| %31.8 | 7 | مۆڵەتی پڕۆژەی نیشتەجێبوون ڕابگیرێت |

### وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون و بەزاندنی هێڵی سووری نەتەوەیی:

کەرتی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون بە هەموو سەرچاوە جیاوازەکانیەوە، وەك لە خشتەی ژمارە 1 ئاماژەی پێکراوە کە، کۆی یەکەکانی دەگاتە سەرو 96 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون کە، ڕەنگە چەند ساڵێکی داهاتوو هەموو ئەو ژمارەیە بەردەستبن چوونکە زۆربەیان ئێستا لە پڕۆسێسی دروستکردنیان، بۆیە توانیویەتی تا ئاستێکی باش کێشەی کرێنشینی یاخود قەیرانی نیشتەجێبوون زۆر خاوبکاتەوە، لانی کەم بۆ چینی کۆمەڵایەتی مام ناوەند و سەرووتر یاخود ئەوانەی هەر لەو چینە کۆمەڵایەتیەن بەڵام بە هەر هۆیەکەوە بێت نیشتەجێی پارێزگەی سلێمانی بوون، بەڵام پڕۆسەکە نەیتوانیوە کێشەی کرێنشینی بە تەواوی بنەبڕ بکات، بەڵکو بە پێی ئامارەکانی بەردەست لە پارێزگەی سلێمانی کە لە یەکیتی کرێنشینانی سلێمانی تۆمارکراون، هێشتا نزیکەی 36 هەزار کرێنشین لە شارەکە دەژین کە، دەخوازن ببنە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون، بەڵام باری داراییان هاوکار نیە.

بۆیە دەلاقەی خواست و خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون  لە ڕاستیدا بووە بە گووشاری سەرمایە کە، لە هەندێ پڕۆژەدا گەشتۆتە ئاستی بوون بە تەڵەی قەیرانەوە (trap)، بۆیە سەرمایەی وەبەرهێنانی ناچارکردووە بگاتە ئاستی زیڕۆقازانج و ژێر ئەو ئاستەش، دەرئەنجام قەیرانی نیشتەجێبوون هەر لێرەدا قەتیس نەبووە بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ هەندێ ئاستی هەڕەشە ئامایزی ئاسایشی نەتەوەیی.

ئەم هەڕەشە نەتەوەییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کوردستان هەرێمی دیفاکتۆی نادەوڵەتە و سنووری دیاریکراو لە عێراقی عەرەبی فیدراڵمان جیاناکاتەوە نە وەکو یاسا و ڕێسا فیدراڵی و نە وەك دەستوور بۆیە بە کۆ کوردستان پارێزراو نیە لەم ڕووەوە، بە تایبەتی کە، هێشتا لە عێراق تێگەشتنی سیاسی و ئابووری دیموکراسی پێنەگەشتووە، ئەمەش بە بەردوامی کوردستان لە ژێر گووشاری توندی تەعریب و تایفیدایە و هەنگاوی کردەیی بە گەرمی لەسەری بەردەوامە بە تایبەتی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. ئەوەی ئەم واقیعە تاڵە دژوارتر دەکات، بریتین لە دیمۆگرافی (زیادە ڕێژەی لە دایکبوون) و فاکتەری سروشتی هەڵکشانی ووشکەساڵی لە خوارووی عێراقەوە بەرەو کوردستان کە، لە داهاتوودا بەریەك کەوتنی جیاوازی دیمۆگرافی لێدەکەوێتەوە، بە پێچەوانەی ووڵاتانی کەنداو کە، هەرچەند ڕێژەی بیانی تیا زۆر بێت مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافی ووڵاتیان بۆ دroووست ناکات و بە یاسا و دەستووری ووڵاتی سەربەخۆ پارێزراون.

به ئامانجی گووشاری ئەم فاکتەرانە لەسەر دیمۆگرافی کوردستان ڕای وەبەرهێنەرەکان وەرگیراوە کە، دەرکەوتووە کە فرۆشیان لە یەکەی نیشتەجێبوون بە خەڵکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگاتە 26،68% کە ئاستێکی زۆر بەرزە بۆ تێکدانی باڵانسی نەتەوەیی لە داهاتووی مامناوەند و دوورخایەندا، بە تایبەتی ئەگەر کۆی فاکتەرەکانی (دەرکردن) لە عێراق و فاکتەری (ڕاکێشان) لە کوردستان بەهۆی قەیرانی دارایی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە، بەردەوام بێت، بەتایبەتی لەپێش هەموویانەوە قەیرانی زۆری خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون، وەك لە خشتەی 17 و فیگەری 15 ی خوارەوەدا، دەرکەوتوە.

خشتەی ژمارە 17


بەراوردی کڕیاری ناوخۆی هەرێم بە کڕیاری دەرەوە

بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی

| | کڕیاری دەرەکی لە سەدا چەندی کڕیاری یەکەکانت پێکدەهێنن | کڕیاری ناوخۆ لە سەدا چەندی کڕیاری یەکەکانت پێکدەهێنن |
|---|---|---|
| داتای کارا | 22 | 22 |
| داتای نەگەڕاوە | 0 | 0 |
| ناوەنجی ژمێریMEAN | ٪26.68 | ٪26.68 |
| لادانی معیاریSTD DEVIATION | 18.67 | 18.67 |

فیگەری ژمارە 15 ململانێی نێوان کڕیاری ناوخۆ و دەرەوەی هەرێممان بۆ دەردەخات کە چەند ململانێیەکی توندە لە پارێزگەی سلێمانیدا، هێڵە سوورەکە بریتین لە کڕیارانی دەرەوەی هەرێم لە هەر خاڵێکی سەر هێڵە سوورەکە بەرامبەرەکەی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە فرۆش بۆ کڕیاری دەرەوە هەیە بە پێچەوانەشەوە بۆ هێڵە شینەکە بریتین لە کڕیاری ناوخۆی هەرێم. هەر خاڵێك لەسەر هێڵە سوورە کۆ بکەیتەوە لەسەر خاڵی بەرامبەری لەسەر هێڵە شینەکە دەکاتە کۆی فرۆشی یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانیدا بە پێی شارەزایی و پێشبنی وەبەرهێنەکان لەسەر واقیعی بەبازاڕکردنی یەکەکانیان.

### فیگەری ژمارە 15
### هێڵکاری لە نێوان فرۆشی یەکەی نیشتەجێبوون بە کڕیاری ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم




سەرچاوە: پاشکۆ/ خشتەی ژمارە 1

### پەڕینەوەی ئاسەواری ئەرێنی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون بۆ کەرتی پیشەسازی کوردستان:

بە گشتی دروستکردنی هەموو بینایەك لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت یەکەم: ژێرخان کە، خۆی لە کاری سەر زەوی و خوار زەوی دەبینێتەوە لەگەڵ ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و شەقام و باخ و ... هتد. بەشی دووەم: بریتیە لە هەیکەل بە واتای دروستکردنی سەر زەوی پڕۆژەکە وەك دیوار و ڕاگر و پایە و سەقف و ...هتد، بەشی سێهەم: بریتیە لە بەشە ڕووپۆشەکانی بیناکە finishing وەك کاشی و دەرگا و پەنجەرە و بۆیاخ و ...هتد.

پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون پێویستە هەموو ئەو ماتریاڵانەی کە، لە هەر سێ بەشەکەی بیناسازیدا بە پێی قۆناغبەندی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە دەستەبەر بکات چ لە بازاڕەکانی ناوخۆ یاخود دەرەوە. بۆیە لە هەر سێ بەشەکانی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا، وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون بە ئەندازەی گەورەیی سەرمایەی وەبەرهێنانەکە گووشاری گەورەی لەسەر بازاڕی ناوخۆ و دەرەوە دەکات بۆ سەرمایەگوزاری لە کەرەسە پێویستەکاندا، بەشێك لەو سەرمایەی وەبەرهێنانە وەك بازرگانی دەبێت بە گووشار بەسەر بازاڕی جیهانیەوە بەڵام بەشێکی تر دەبێت بە گووشار بەسەر پیشەسازی بەرهەمهێنانی کەرەسەی خانوبەرە لە بازاڕی ناوخۆدا، بەتایبەتی ئەو کەرەسانەی قەبارە یان قورساییان زۆرە کە، دەبێتە تێچوونی زۆر لە بواری گواستنەوەدا وەك چیمەنتۆ، بلۆك، خشتی سوور، شیش و ....هتد. لەم ڕووەوە وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە کوردستان بە گشتی و پارێزگەی سلێمانی بە تایبەتی ئاسەوارە ئەرێنیەکانی پەڕیەوەتەوە بۆ بواری پیشەسازی و تەکنۆلۆجیای تا ئاستێك پێشکەوتووی بەرهەمهێنانی کەرەسەی بیناسازی بە تایبەتی چیمەنتۆ، بلۆك، خشتی سووری هونەری، شیشی ئاسن، کێبڵی کارەبا کە، توانای بەرهەمهێنانیان لەسەرو پێداویستی کوردستانە و هەناردەی عێراقیش دەکرێت، بێجگە لە بەگەڕخستنی ژمارەیەکی زۆری هێزی کار و کەڵەکەبوونی شارەزایی و مامەڵەکردن لە گەڵ تەکنۆلۆژیای نوێی بیناسازیدا.


لە کۆی ئەو 22 وەبەرهێنەرەی خاوەنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی نیشتەجێن، 62،64% ی پێویستی پڕۆژەکانیان لە کەرەسەی بیناسازی بۆ ژێرخانی پڕۆژەکانیان لە بازاڕی خۆماڵی دابیندەکەن، و لە بواری هەیکەلی پڕۆژەکانیان بە ڕێژەی 79،82% کەرەسەی بیناسازی ناوخۆ بەکاردەهێنن، لە بواری ڕووپۆشی بیناکان (finishing) بە ڕێژەی 41،41% کەرەسەی ناوخۆ بەکاردەهێنن. بەمەش وەبەرهێنانی پڕۆژەی نیشتەجێبوون توانیویەتی توانای شاروەوەی (potential) ئابووری کوردستان و ناوچەکە بەگەڕبخات لەسەر بناغەی سوود وەرگرتن لە سیمای باڵادەستی ڕکابەری (المیزە التنافسیە competitive advantage) بە تایبەتی بەردەستبوونی کەرەسەی خاوی بیناسازی بۆ وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی بیناسازیدا، بە ئاڕاستەی سێ بواری پیشەسازی گەورە کە، بریتین لە چیمەنتۆ، شیشی ئاسن و خشتی سوور و بلۆك و تا ئاستێك کێبڵی کارەبا، هەرچەندە هەندێکیان پشت بە ڕیسایکلین دەبەستن وەك شیشی ئاسن و کێبڵی کارەبا، وەك لە خشتەی ژمارە 18 دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 18
بەراوردی کەرەسەی بیناسازی ژێرخان و فینیشینگ بەکارهاتوو لە پڕۆژەکانی
وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە ناوخۆی هەرێم و دەرەوە بە ڕێژەی سەدی


| | | STATISTICS | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕاوەکان (المتغیرات) | | کەرەسەی ناوخۆیی بەکارهاتوو لە هەیکەلەکاندا بە ڕێژەی (%) | کەرەسەی هاوردەی بەکارهاتوو لە فینیشینگی یەکەکاندا بە ڕێژەی (%) | کەرەسەی ناوخۆیی بەکارهاتوو لە فینیشینگی یەکەکاندا بە ڕێژەی (%) | کەرەسەی هاوردەی بەکارهاتوو لە ژێرخانی پڕۆژەکاندا بە ڕێژەی (%) | کەرەسەی ناوخۆیی بەکارهاتوو لە ژێرخانی پڕۆژەکاندا بە ڕێژەی (%) |
| ژمارەی وەبەرهێنەکان | کارا | 22 | 22 | 22 | 22 | 22 |
| | فۆڕمی نەگەڕاوە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| MEANناوەندی ژمێریاری | | 79.82 | 54.82 | 41.41 | 37.36 | 62.64 |
| STD. DEVIATION لاداني معياري | | 24.514 | 26.236 | 24.519 | 22.727 | 21.880 |

فیگەرەکانی ژمارە 16 ململانێی نێوان کەرەسەی هاوردە و ناوخۆی بەکارهاتومان بۆ دەردەخات لە هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێناندا، بە هەردوو لایەنی ناوخۆ و هاوردە توانیویانە کۆی پێداویستی کەرەسەی خاو بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دابین بکەن. هێڵە شینەکە بریتیە لە گووشاری کەرتی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەسەر دروستکردنی کارگەی وەبەرهێنانی کەرەسەی بیناسازی لە ناوخۆی کوردستان و هێڵە سوورەکە بریتیە لە گووشاری خانووبەرەی کوردستان لەسەر هاوردەی کەرەسەی خانووبەرە لە دەرەوەی کوردستان، هەمان بۆچوون بۆ کەرەسەی ڕووپۆشی FINISHING ی بیناسازی ڕاستە، واتە ئەو سەرمایەیەی کوردستان کە، دەچێتە خزمەتی جیهازی بەرهەمهێنانی بیانیەوە. بۆیە زۆر گرنگە حکومەت کە، پلانی گەشەپێدانی کەرتێکی هەبێت، مشووری چۆنیەتی کەرەسەخاوەکانی بخوات بۆ کەمکردنەوەی سەرمایەی ووڵات بۆ دەرەوە بەڵکو کار بکرێت بۆ گێڕانەوەی ئەو سەرمایەیە بۆ ناوخۆی ئابووری کوردستان ئەوەندەی ئابووری توانای POTENTIAL ی کوردستان ڕێگا دەدات. وەبەرهێنانی خاوونەبەری کوردستان وەك ئەزموون ئەم ڕاستیەی پشتڕاست کردۆتەوە تا مێژووی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە لە تەمەنی 18 ساڵەی کەرتی وەبەرهێنانی خانووبەرەی کوردستاندا.

فیگەری ژمارە 16-أ




سەرچاوە/ پاشکۆ/ خشتەی ژمارە 2




پاشکۆ/ خشتەی ژمارە 3

## خواستی سەر یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی پێناسەو سیمای کۆمەڵگەی کرێنشینی لە پارێزگەی سلێمانی:

بە پێی تۆمارگەی کۆمەڵگەی کرێنشینان "یەکێتی کرێنیشانی کوردستان " ی پارێزگەی سلێمانی، کۆمەڵگەکەیان نزیکەی 37 هەزار خێزان لەخۆدەگرێت لە چوارچێوەی پارێزگەکەدا. بە ئامانجی شیکردنەوەی ئاماری داتاکانیان سامپڵێك بە شێوازی هەڕەمەکی RANDOM بۆ 180 خێزانی تۆمارکراو، واتە بە ڕێژەی 0،48% لە کۆمەڵگەکەیان وەرگیرا.

توێژینەوەکە لەچەند ڕوانگەیەوە ڕاڤەی پێناسە و سیمای ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە، پەیوەندیدارن بە بابەتی خستنەڕووی یەکەکانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە سنووری شارەوانی پارێزگەی سلێمانیدا:

1. لە ڕووی تەمەنەوە، کۆمەڵگەکە کراون بە سەر 3 گروپەوە 25-35 ساڵ و 36-50 ساڵ و لە 50 ساڵ بەرەوژوو. گروپی یەکەم بە ڕێژەی 27،2% و دووەم بە ڕێژەی 57،8% و سێهەم 15% بەشداریان کردووە، خشتەی ژمارە 19 فیگەری ژمارە 17/پاشکۆ.

خشتەی ژمارە 19

ڕوووپێوی ڕێژەی بەشداربووان یەکێتی کرێنشینانی پارێزگای سلێمانی بە پێی تەمەن

| تەمەن بە ساڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبوو | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی ٪ | |
| 35 - 25 | 49 | 27.2 | 27.2 | 27.2 | کارا |
| 50 - 36 | 104 | 85 | 57.8 | 57.8 | |
| 51 بەرەوژوور | 27 | 100 | 15 | 15 | |
| کۆ | 100 | | 100 | 100 | |

2. لە ڕووی ڕەگەزەوە، تا ئاستێکی باش هاوسەنگی ڕەگەزی پێوە دیارە کە نێر بە ڕێژەی 81،1% بەشدارە و مێ بە ڕێژەی 18،9% هاوکاربووە لە پێکهاتەی نموونەی ئامارەکەدا، خشتەی ژمارە 20 و فیگەری ژمارە 18/پاشکۆ.

خشتەی ژمارە 20

ڕووپێوی ڕێژەی بەشداربووان یەکێتی کرێنشینانی پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز

| رەگەز | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رەگەز | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبوو | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی ٪ | دووبارەکان | |
| نێر | 81.1 | 81.1 | 81.1 | 146 | کارا |
| مێ | 100 | 18.9 | 18.9 | 34 | |
| کۆ | | 100 | 100 | 180 | |

3. پلەی خوێندەواری، یەکێکە لەو فاکتە هەستیارەی کە، بۆ زۆر کێشە ئاوێتە دەبێت، چونکە بەشێکە لە هۆشمەندی بەشداربووان لەوێشەوە بۆ گروپە بە ئامانجگیراوەکان TARGET GROUP کە، لێرەدا بریتیە لە کۆمەڵگەی کرێنشین لە پارێزگەی سلێمانیدا، و لەلایەکی ترەوە، زۆر پەیوەندیدارە بە جۆری دروستبوونی داهات چ لە ڕێگەی دروستکردنی پرۆفیشناڵی بۆ کەسی خوێندەوار، یاخود، تا ئاستێك، خۆ تەرخانکردن بۆ کار و پیشە، لەسەر ئەو بناغەیەی کە خوێندەواری تا ڕادەیەك، کەس ناچار دەکات دەستبەرداری کارو پیشە بێت لە قۆناغی پاش 18 ساڵی تەنانەت لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و تازە گەشەکردووەکاندا، پێش ئەو تەمەنەش. لێرەوە، پلەی خوێندەواری ئامادەیی و بەرەوخوار بە ڕێژەی 56،66% هاوکاری پێکهێنانی سامپڵی ئاماریەکەی کردووە و لە دبلۆم بەرەوژوور بە ڕێژەی 37،7% بەشداربوون، خشتەی ژمارە 21 و فیگەری ژمارە 19/پاشکۆ.

خشتەی ژمارە 21
ڕووپێوی ڕێژەی بەشداربووان یەکێتی کرێنشینانی
پارێزگای سلێمانی بە پێی پلەی خوێندەواری

| ڕەگەز | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبوو | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی ٪ | دووبارەکان | |
| خوار ئامادەیی | 52 | 28.9 | 28.9 | 28.9 | کارا |
| ئامادەیی | 50 | 27.8 | 27.8 | 56.7 | |
| دبلۆم | 41 | 22.8 | 22.8 | 79.4 | |
| بەکالۆریۆس | 27 | 15 | 15 | 94.4 | |
| سەرو بەکالۆریۆس | 10 | 5.6 | 5.6 | 100 | |
| کۆ | 180 | 100 | 100 | | |

4. پەیوەندیەکی تا ئاستێك زۆر، هەیە لە نێوان خانووی نیشتەجێ و قەواری خێزان، چوونکە هەتا قەوارەی خێزان گەورە بێت، توانای بە خاوەنبوونی خانوو کەمدەکاتەوە، و پێچەوانەکەشی ڕاستە. لەم ڕوانگەیەوە ئەو خێزانانەی قەبارەیان 4-5 سەرخێزانە بە ڕێژەی 62،2%ی کۆمەڵگەی کرێنیشان پێکدەهێنێت، و قەبارەی 2-3 سەرخێزانیش 27،2%، خشتەی ژمارە 22، فیگەری ژمارە 20/پاشکۆ.

خشتەی ژمارە 22
ڕووپێوی ڕێژەی بەشداربووان یەکێتی کرێنشینانی
پارێزگای سلێمانی بە پێی ژمارەی سەر خێزان

| ژمارەی سەرخێزان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی کەڵەکەبوو | |
| 3 - 2 | 49 | 72.2 | 72.2 | 27.2 | کارا |
| 5 - 4 | 112 | 62.2 | 62.2 | 89.4 | |
| 6 بەرەوژوور | 19 | 10.6 | 10.6 | 100 | |
| کۆ | 180 | 100 | 100 | | |

5. فاکتەری کرێی مانگانەی خانوو: ئەم فاکتەرە زۆر کاریگەرە لەسەر خواستی بە خاوەنبوونی خانووی نیشتەجێبوون، یەکەم: بۆ خۆ ڕزگارکردن لە قورسایی کرێی مانگانە و دووەم: گووشارێکی گەورەیە لەسەر داهاتی خێزان. لەم ڕوانگەیەوە، لە توێژی کرێنشینی توێژینەوەکەدا کە مانگانە بڕی 200-300 هەزار دینار دەدەن ڕێژەی 45،6% پێکدەهێنن ئەوانەی 301-400 هەزار دەدەن ڕێژەکەیان دەگاتە 47،8% و ئەو خێزانانەی 401 هەزار بەرەوژووردەدەن ڕێژەیان 12%، خشتەی ژمارە 23 و فیگەری ژمارە 21/پاشکۆ.

خشتەی ژمارە 23
ڕووپێوی ڕێژەی بەشداربووان یەکێتی کرێنشینانی پارێزگای
سلێمانی بە پێی کرێی مانگانەی خانووەکانیان/دیناری عێراقی

| کرێی مانگ بە هەزار دینار | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی کارا | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی کەڵەکەبوو | |
| 300 - 200 | 82 | 45.6 | 45.6 | 45.6 | کارا |
| 400 - 301 | 86 | 47.8 | 47.8 | 93.3 | |
| 401 بەرەوژوور | 12 | 6.7 | 6.7 | 100 | |
| کۆ | 180 | 100 | 100 | | |

6. ساڵانی کرێچیبوون: ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرەکانی پێکهێنانی خواست لەسەر خانووی نیشتەجێبوون. لە توێژینەوەکەدا، ئەو خێزانانەی 5-6 ساڵە کرێچین ڕێژەی 30،6% پێکدەهێنن، بەڵام 3-4 ساڵ 27،8% دروست دەکەن، تێبینی دەکەین هەتا ساڵانی کرێنشینی زیاتر بێت خواست بۆ دەستەبەرکردنی یەکەی زیاتر دەبێت، خشتەی ژمارە 24 و فیگەری ژمارە 22/ پاشکۆ.

خشتەی ژمارە 24
ڕووپێوی ڕێژەی بەشداربووان یەکێتی کرێنشینانی
پارێزگای سلێمانی بە پێی ساڵانی کرێنشینی

| کرێی مانگ بە هەزار دینار | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبوو | |
| 1 - 2 | 8 | 4.4 | 4.4 | 4.4 | کارا |
| 4 - 3 | 50 | 27.8 | 27.8 | 32.2 | |
| 6 - 5 | 55 | 30.6 | 30.6 | 62.8 | |
| 7 بەرەوژوور | 67 | 37.2 | 37.2 | 100 | |
| کۆ | 180 | 100 | 100 | | |

7. توێژینەوەکە ڕوانگەی پیشەی سەرۆکی خێزانی کۆمەڵگەی کرێنشینی پارێزگاکەی بەهەند وەرگرتووە بەمەبەستی خواست لەسەر خانووی نیشتەجێ، دەرکەوتووە، ئەو سەرۆك خێزانانەی کارمەندانی میرین، ڕێژەی 28،9% وکەرتی تایبەت ڕێژەی 51،7% و خانەنشین 10% و بێکار 9،4%، دەبینین توێژی کرێنشین کە خواستیان لەسەر یەکەی نیشتەجێبوونە، زۆربەیان لە دوو گروپدا کۆبونەتەوە، بە ڕێژەی 51،7% لە کەرتی تایبەتن کە، دیارە هەرچەندە مووچەیان دواناکەوێت بەڵام بەو ئاستە نیە پاشەکەوتی بە دەستخستنی یەکەی نیشتەجێ مسۆگەر بکات و کارمەندانی میریش ڕێژەی 38،9% پێکدەهێنن کە، سەرچاوەی داراییان ڕێگرە لە بوون بە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون، خشتەی ژمارە 25 و فیگەری ژمارە 23.

خشتەی ژمارە 25
ڕووپێوی ڕێژەی بەشداربووان یەکێتی کرێنشینانی پارێزگای سلێمانی بە پێی پیشە

| پیشە | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبوو | کارا |
| کارمەدنی میری | 52 | 28.9 | 28.9 | 28.9 | |
| کەرتی تایبەت | 93 | 51.7 | 51.7 | 80.6 | |
| خانەنشین | 18 | 10 | 10 | 90.6 | |
| بێکار | 17 | 9.4 | 9.4 | 100 | |
| کۆ | 180 | 100 | 100 | | |

## سروشتی پەیکەربەندی و ئاڕاستەکانی خواست لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون:

پشت ئەستور بەو داتا و زانیاریانەی سەرەوە، توێژینەوەکە کۆی سیما و خەسڵەتی لایەنی خواست پەیوەست بە لایەنی خستنەڕووی خانووی نیشتەجێبوون لەو خاڵانەی خوارەودا دەخاتەڕوو:

یەکەم: بێ ئومێدبوونێکی گەورە هەیە سەبارەت بە دەستکەوتنی یەکەی نیشتەجێبوون لە کۆمەڵگەکەدا کە، دەگاتە ئاستی ڕێژەی 93،33%، خشتەی ژمارە 26 و فیگەری 24/پاشکۆ، تەنانەت بۆ دەستکەوتنی پارچەیەك زەوی نیشتەجێبوون بێهیوایی دەگاتە ڕێژەی 95%، خشتەی ژمارە 27 و ژمارەی فیگەر 25/پاشکۆ.

ئەو دوو خشتەیە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە، نزیکەی کۆی کۆمەڵگەی کرێنشین کە، ژمارەیان لە 37 هەزار خێزان زیاترە، بێهیوان لە بوون بەخاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون. ئەگەر ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە بکرێنە خواستی کارا ( active demand ) زۆرهاوکار دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی کێرڤی خواست بۆ لەخۆگرتنی بەشێکی گەورە لە هەژمونی کێرڤی خستنەڕوو لەوێشەوە بۆ چارەسەری قەیرانی زیادە خسنەڕووی یەکەی نیشتەجێ.

خشتەی ژمارە 26

ڕێژەی ئومێد بە سوودمەندبوون لە خانووی نیشتەجێ لە پارێزگای سلێمانی

| هیچ ئومێدت هەیە سوودمەند بێت لە خانووی نیشتەجێ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبوو | |
| هیچ | 118 | 65.6 | 65.6 | 65.5 | کارا |
| کەم | 50 | 27.8 | 27.8 | 93.3 | |
| مام ناوەند | 10 | 5.6 | 5.6 | 98.9 | |
| زۆر | 2 | 1.1 | 1.1 | 100 | |
| کۆ | 180 | 100 | 100 | | |

خشتەی ژمارە 27

ڕێژەی ئومێد بە سوودمەندبوون لە زەوی نیشتەجێ لە پارێزگای سلێمانی

| هیچ ئومێدت هەیە سوودمەند بێت لە زەوی نیشتەجێ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی کارا | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبوو | |
| هیچ | 96 | 53.3 | 53.3 | 53.3 | کارا |
| کەم | 49 | 27.2 | 27.2 | 80.6 | |
| مام ناوەند | 26 | 14.4 | 14.4 | 95 | |
| زۆر | 9 | 5 | 5 | 100 | |
| کۆ | 180 | 100 | 100 | | |

دووەم: زیاتر لە نیوەی کۆمەڵەی کرێچی ( 55%) پلەی خوێندەواریان لە ئامادەیی بەرەوخوارن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە بەهۆی سەختی باری ئابووری و تا ئاستێك ناسەقامگیری سیاسی لە پاش حەفتاکانی سەدەی ڕابووردو و پاش 1991ی ڕزگاربوونی کوردستان کە، دەستەڵاتی سیاسی کوردستان بڕیاربەدەست بووە، نە توانیویانە خوێندن تەواو بکەن نە توانیویانە بزنسێکی وا دەست بخەن کە، ئێستا خاوەن یەکەی نیشتەجێبن. پەیوەندی پلەی خوێندەواری بە هیوابوون بە دەستکەوتنی یەکەی نیشتەجێبوون، بە پێی پەیوەستی پیرسون (pearson correlation)، وەك لە خشتەی ژمارە 28 دەرکەوتووە، لە ڕووی نیشاندەرەوە زۆر مەعنویە (significant) و ئاراستەی پەیوەندیەکەش پۆزەتیڤە (+) و قەبارەی پەیوەندیەکە بەرز نیە (0،441) بەو واتایەیی هەتا پلەی خوێندەواری زۆرتر بێت لە گرووپی کۆمەڵی کرێنیشین، ئەوا هیوایان زیاترە و بە پێچەوانەوە. بۆیە بەشێکی تەمەن کەمەکان واتە (25-35 ساڵ) کە، پلەی خوێندەواریشیان کەمە بەهۆی بێهیوایان زیاتر ئامادەیی کۆچیان بۆ دەرەوەی ووڵات هەیە.

سێهەم: دەربارەی پەیوەندی نێوان پیشەی سەرۆکی خێزان و هیواهەڵچنین لەسەر بوون بەخاوەنی خانووی نیشتەجێ، توێژینەوەکە، پشت ئەستوور بە نیشاندەری ئاماری وابەستەیی پیرسون لە خشتەی 28دا هاتووە کە، بڕەکەی (0،332 ) تۆمار دەکات بە مەعنەوی بەهێز بۆ ئاستی زیرۆ، بەڵام بە نێگەتیفی (-). واتە هەتا داهاتی پیشە باش بێت هیوا بە حکومەت کەمدەبێتەوە بۆ بوون بەخاوەنی خانووی نیشتەجێ، بە پێچەوانەشەوە، هەتا داهاتی پیشە کەم بێت، توێژی کرێنشینی چاوەڕوانی دەستپێشخەری حکومەت دەکەن لەگەڵ بێئومێدیشیان بەو دەستپێشخەریە.

خشتەی ژمارە 28

کۆبەستی ئەندامانی یەکێتی کرێنشینانی پارێزگای سلێمانی بە سیما

ئامارکراوەکانی توێژینەوەکە لەسەر بناغەیپەیوەستی پێرسون

| فاکتەری پەیوەست CORRELATION | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشە | چەندساڵ کرێچیت | کرێی مانگانە بە هەزار دینار | ژمارەی سەرخێزان | پلەی خوێندەواری | رەگەز | تەمەن بە ساڵ | هیچ ئومێدت هەیە سوودمەند بیت لە زەوی نیشتەجێ | |
| پەیوەستی پێرسۆن PEARSON CORRELATION | (-) **0،332 | 0،034 | (-) 0،120 | (-) 0،48 | **0،441 | *0،167 | 0،071 | 1 |
| SIG. (2-TAILED) | 000. | 0،654 | (-) 0،180 | 0،521 | 000 | 0،025 | 0،344 | 000 |
| N | 180 | 180 | 180 | 180 | 180 | 180 | 180 | 180 |

**. CORRELATION IS SIGNIFICANT AT THE 0.01 LEVEL (2-TAILED).

*. CORRELATION IS SIGNIFICANT AT THE 0.05 LEVEL (2-TAILED).

چوارەم: ڕێژەیەکی زۆر بەرز (87،21%) لە خێزانەکانی کۆمەڵگەی کرێنشینی فاکتەری خواستن لەسەر خانووی نیشتەجێبوون، بەڵام توانای خانووکڕینیان نیە لەبەر کەمی داهاتی ساڵانەیان و بڕی کرێی مانگانەیان، بە تایبەتی ئەو توێژەی کرێنشین کە، بە کۆی (55،54%) 3-4 ساڵە کرێچین یان 5-6 ساڵە کرێچین .

پێنجەم: بەجێهێشتنی کێشەی کرێنشینی بەبێ چارەسەر، بە بەردەوامی لە گەورەبوندا دەبێت، لەلایەکی ترەوە، خستنەڕووی خانووی نیشتەجێ بەرەو کەڵکەبوونی زیاتر دەڕوات. واتە هەردوو کێشەکە بە لێکترازاوی گەورە دەبن و دەجوڵێن، بۆیە زۆر گرنگە ئابووری کوردستان لە قەتیسکردنی سەرمایەیەکی گەورەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون ڕزگار بکرێت و هەردوو هێڵەکە (خواست و خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون) لە جێگایەکدا بە یەکە بگەن و ئابووری کوردستان لەو قەیرانە بەتاڵکرێتەوە.

شەشەم: بە کۆی کۆمەڵگەی کرێنشینان کە، 37 هەزار خێزان تا ئێستا تۆمارکراون، دەکرێت فاکتەرێکی خواستی گەورەبن بۆ چارەسەری ئاستی خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگەکەدا، ئەگەر ڕێگایەك دەستنیشان بکرێت ئەم فاکتەرە ئابووریە لە سڕبوونەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەکتیڤبوون کە، بە کۆ بخرێنە هاوکێشەی بەرهەمهێنان و باشترکردنی داهاتیان و لە لایەکی تریشەوە، بکرێن بە هاوکارێکی زۆر باش بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە پارێزگەکەدا.

حەوتەم: کێشەی سەرەکی کۆمەڵکەی کرێنشین، بە پلەی یەکەم وابەستەی لاوازی داهاتی خێزانە، کە، هاوکاتە لەگەڵ بەرزی ئاستی خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون. بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەکە، لە گۆشە نیگای داهاتی خێزانەوە شیکاری بۆ پەیوەندی نێوان داهاتی خێزان و خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون دەکات بە پێی سەرچاوەی داهات. ئەو خێزانانەی سەرچاوەی داهاتیان حکومەتە واتە، مووچەدارن، ڕێژەیان لە ڕاپرسیەکەدا دەگاتە 28،9%، بەڵام ئەم سەرچاوەیە لە ئاستی دروستکردنی خواست، ئەکتیڤ نیە بۆ کڕینی یەکەی نیشتەجێبوون، بە بەرواوردکردنی ئەو داهاتە بە خەرجی خێزانەکان چونکە کورتهێنانی بە ڕێژەی جیاواز هەیە. تێکڕای داهاتی خێزان لە حکومەتدا کە، نزیکەی 85،79% کۆی کارمەندان (واتە پلەوەزیفیەکانی 3-8) پێکدەهێنن، لە (1005343) (ملیۆنێك و پێنج هەزار و سێ سەد و چل و سێ) دینار تێپەڕناکات، خشتەی ژمارە 29. بەڵام کەرتی تایبەت کە ڕێژەکەیان لە توێژی کرێنشیندا 51،7% و خانەنشین 10% و بێکار 9،4% داهاتەکانیان بەراورد بە خەرجیەکانیان کورتهێنانی هەیە.

لەلایەکی ترەوە، تێکڕای خەرجی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق، لە ماوەی نێوان 2007-2024 بریتیبووە لە ملیۆنێك و چوار سەد و چوار هەزار و نۆسەد و شەست (1404960) دینار/مانگ بووە بەرامبەر داهاتی مانگانەی ملیۆنێك و سەد وبست و نۆ هەزار وشەش سەد و پێنج (1129605) دینار بووە، واتە بە تێکڕای کورتهێنانی (-) 19،59%، خشتەی ژمارە 30، ئەگەر هەموو مانگێك مووچە بە ڕێکوپێکی و بێ لێبڕین دابەشبکرێت.

دەربارەی داهاتی خاوەنپێداویستی تایبەت کە توێژێکی بەرچاون و ژمارەیان زیاترە لە حەفتا و سێ هەزار سەرۆك خێزان و بێخێزان (سنگڵ) دەبن، تێکڕای مووچەکانیان لە سەد و چل و پێنج هەزار و سێ سەد و نەود و دوو ( 145392) دینار تێپەڕ ناکات، خشتەی ژمارە 31. بۆیە هەرچەندە توێژی کرێنشین فراوانبن بەڵام نەبونەتە خواستی ئەکتف لەسەر خستنەڕووی یەکەی نیشتەجێبوون.

خشتەی ژمارە 29

تێكڕای مووچەی كارمەندانی حكومەت بۆ پلەكانی 3-8 بۆ ساڵی2024 بە دینار

| پلە | ٪ | بڕی مووچە | تێكڕای مووچە |
|---|---|---|---|
| 3 | ٪8.79 | 1691754 | 1005343 |
| 4 | ٪10.07 | 1088329 | |
| 5 | 16.39 | 933651 | |
| 6 | ٪21.44 | 852439 | |
| 7 | ٪18.63 | 733586 | |
| 8 | ٪10.47 | 732350 | |
| كۆ | ٪85.79 | 6032059 | |

سەرچاوە: وەزارەتی دارایی و ئابووری حكومەتی هەرێمی كوردستان، داتای بڵاو نەكراوە/2025

خشتەی ژمارە 30

ئاستەنگی داهات و خەرجی خێزان لەكوردستان

| داهات/خەرجی | 2007 | 2012 | 2016 | 2018 | 2024 | تێكڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| داهات | 954000 | 1979600 | 770000 | 842400 | 1102025 | 1129605 |
| خەرجی | 1591000 | 2263800 | 842000 | 1053000 | 1275000 | 1404960 |
| ڕێژەی زیادەی خەرجی | ٪66.77 | ٪14.35 | ٪9.48 | ٪25 | ٪15.69 | %19.59 (-) |

خشتەی ژمارە 31
ژمارەی خاوەنپیداویستی تایبەت لە هەرێمی
کوردستان/2024 تێکڕای مووچەی مانگانەکانیان

| ژمارەی خاوەنپێداویستی تایبەت لە کوردستان | کۆی مووچەی مانگانە | تێکڕای مووچە |
|---|---|---|
| 73236 | 10647950 | 145392 |

سەرچاوە/وەزارەتی کار و دەستەبەرایەتی کۆمەڵایەتی/2025/داتای بڵاونەکراو

هەشتەم: فاکتەرێکی تری گووشار لەسەر خستنەڕووی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە پارێزگەی سلێمانی، بریتیە لە تێکڕای گەشەی خێزان دروستکردن لە ڕێگای هاوسەرگیری و جیابوونەوە. ئەم فاکتەرەش بە تێکڕای ساڵانە نزیکەی 11952 خواستی ئەکتیڤ لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکات بە ئاڕاستەی بوون بە بەشێك لە توێژی کرێنشینی یان کڕینی یەکەی نیشتەجێ، وەك لە خشتەی ژمارە 32، فیگەری ژمارە 26 ی خوارەوە دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە 32
ئاماری هاوسەرگیری و جیابونەوە لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵەکانی 2010-2024


| ساڵ | هاوسەرگیری | جیابونەوە | تێکڕای گەشەی هاوسەرگیری | تێکڕای گەشەی جیابونەوە |
|---|---|---|---|---|
| 2010 | 13724 | 2430 | بنەڕەتی | بنەڕەتی |
| 2011 | 15414 | 4295 | ٪10.31 | ٪76.62 |
| 2012 | 17020 | 4088 | ٪10.41 | ٪4.81 (-) |
| 2013 | 14911 | 4322 | ٪12.39 (-) | ٪5.72 |
| 2014 | 14666 | 4012 | ٪1.64 | ٪7.17 (-) |
| 2015 | 14232 | 3855 | ٪2.95 (-) | ٪3.91 (-) |

تێکڕای سافی گەشەی ساڵانەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە دەگاتە (-) 7،85%، ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی لێکدەرکردنی تێکڕای سافی گەشەی ساڵانەی جیابونەوە لە سافی تێکڕای گەشەی هاوسەرگیری دروست بووە. لە ساڵی 2020 بە ناسروشتی کۆی جیابونەوە زۆر کەمیکردووە بەراورد بە ساڵەکانی تر بە تایبەتی 2021 بە بازی گەورە ستاندەردبۆتەوە و لە ڕێژەی (-) 58،79% بۆ ساڵی 2020 بەرزبۆتەوە بۆ 138،11% بۆ ساڵی 2021 وەك بازدانێکی زۆر پەرگیر (متگرف).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2016 | 10937 | 4674 | ٪23.15(- ) | %21.24 |
| 2017 | 12988 | 4196 | %18.75 | %10.22(-) |
| 2018 | 14956 | 4085 | %15.15 | %2.64(-) |
| 2019 | 16607 | 4859 | %11.03 | %18.94 |
| 2020 | 16672 | 2002 | %0.39 | %58.79 (-) |
| 2021 | 16172 | 4767 | ٪2.99(- ) | %138.11 |
| 2022 | 20868 | 5533 | %29.03 | %16.06 |
| 2023 | 22120 | 5438 | %5.99 | %2.31(-) |
| 2024 | 22282 | 5745 | %0.73 | %3.83 |
| کۆ | 243570 | 63303 | تێکرا 16238 | تێکرا 4286 |
| تێکڕای سافی گەشەی ساڵانەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە | | | | ٪7.85(- ) |

سەرچاوە/ داتاکانی بەشی فەرمانگەی دادی باری کەسێتی
پارێزگەی سلێمانی بۆ ماوەی 2010-2024

فیگەری 26
ئاماری هاوسەرگیری و جیابوونە لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی 2010-2024




## دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە

یەکەم: چڕبوونەوەی سەرمایەی تایبەتی کوردستان لە بواری وەبەرهێنانی نیشتەجێبووندا، ستراتیژی هەمەجۆرکردنی وەبەرهێنانی هەرەسپێهێناوە بەمەش ناهاوسەنگی گەشەی کەرتەئابوورییەکانی تری زیاتر قوڵکردۆتەوە.

دووەم: شکستی بازاڕ (Market Failure) دەرکەوت کە، میکانیزمی بازاڕ بە تەنها ناتوانێت هاوسەنگی لە کەرتی نیشتەجێبووندا فەراهەم بکات بەبێ دەست تێوەردانی بە پلانی حکومەت Regulatory role.

سێهەم: کۆمەڵگەی بەکاربەر و لێچوونی (تسرب) سەرمایە: وونبوونی بازنەکانی input-output matrix لە هەڵسوڕانی سەرمایەی تایبەتی کوردستان، سەرمایەی کوردستان گۆڕاوە بۆ سەرمایەیەکی ڕاگوزەر transitory capital و زیاتر ڕوو لە هاوردەی کاڵای بیانیە.

چوارەم: تەڵەی سەرمایە ئەزموونی سەرمایەی کوردستان لە بوارەکەدا دەریخست کە، تەنها ئەو کۆمپانیا وەبەرهێنانەی لە پاشخانی پرۆفیشناڵیەوە (کەرتی بەڵێندەرایەتی) ئاوێتەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون بوون توانیان لە پەراوێزی قەیرانەکەدا بەردەوامی خۆیان بپارێزن.

پێنجەم: گۆڕینی جێکەوتەی سەرمایە لە کوردستاندا بە قووڵی جێگۆڕکێ بە جێکەوتەی کەرتی سەرمایە کراوە، لە دیسپلین و یاسا و ئاڕاستەی گونجاوەوە بۆ سوودی گشتی واتە (سیستمی بانك) بۆ بازاڕی نادیسپلین و دوور لە یاسا و ئاڕاستەی نەگونجاوی (بازاڕی دۆلار). بەمەش کۆی پڕۆسەی سەرمایە و وەبەرهێنان لە ماکرۆئابووریەوە گوازراوەتەوە بۆ ئاستی مایکرۆئابووری.

شەشەم: سووڕی سەرمایە وەبەرهێنانی نیشتەجێیوون، بەهۆی قازانجی زۆر و کورتی سووڕی سەرمایە، زیاتر بەلای وەبەرهێنانی پڕۆژە خێراکاندا شکاوەتەوە short-term profit و لە بواری نیشتەجێبووندا کەڵەکەبووە نەك پڕۆژە ستراتیژە درێژخایەنەکان.

ماکرۆئابووری بریتیە لە کۆی ئەو فاکتەرەئابووریانەی لە هەڵسوڕاندا، پەیوەندی بە کۆی ئابووریووڵات و کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام مایکرۆ، بریتیە لەو فاکتەرە ئابووریانەی لە جووڵە و هەڵسوڕاندا، پەیوەستن بە ئابووری تاکە کەس و خێزان و کۆمپانیاوە.

حەوتەم: بۆشایی داتا وەك بەربەستی وەبەرهێنان سەرمایەگوزاری لە بازاڕی ئازادا، ئەرکی حکومەت چڕ دەکاتەوە لە بواری سەرپەرشتی و چاودێریکردندا، ئەمەش لە بازاڕ دەخوازێ کە، سیستمێکی داتا و ئاماری وورد و تۆکمە بخاتە بەردەست سەرمایە بۆ هەڵبژاردنی هەلە وەبەرهێنان، ئەم سیستەمە بۆ سەرمایەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون فەراهەم نەکراوە، ئەمەش وایکردووە بڕیارە وەبەرهێنیەکان بدرێن لەسەر بنەمای "پێشبینی" نەك "ڕاستی و واقیعی" بەمەش ڕێژەی سەرکێشی risk ratio وەبەرهێنانی نیشتەجێبوونی بەرز کردۆتەوە.

هەشتەم: شکستی بازاڕ و خواستی نادیار بوونی بۆشایی نێوان توانای دارایی کڕینشینان (وەك خواستێکی کارا "گلب فعال") و قەبارەی خستنەڕووی یەکەکان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە، 61% یەکەکان لە دەرەوەی بازنەی توانای کڕینی ئەو چینەیە کە، پێویستی ڕاستەقینەی بە خانوو هەیە، ئەمەش سەرمایەیەکی گەورەی لە یەکە (بێکڕیارەکاندا) سڕ کردووە.

نۆهەم: لێکترازان لە نێوان لۆژیکی سیاسی و لۆژیکی ئابووری دەستوەردانە ئابووریەکان بۆ نموونە، وەك (دابەشکردنی زەوی ) بووەتە هۆی ساردکردنەوەی بازاڕی یەکەی نیشتەجێبوون بەمەش (قەیرانی متمانەی) لە بازاڕدا بە یەکەکانی نیشتەجێبوون قووڵتر کردۆتەوە.

دەهەم: گەورەیی سەرمایەی بەگەڕخراو لە سێکتەرێکی ڕیسکئامێزی وەك کەرتی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە کوردستاندا، لە غیابی هەرێمی دیفاکتۆی بێ سنووری دەوڵەتی دانپێدانراو، وایکردووە کە، گووشاری زۆری یەکەی نیشتەجێبوون گومان دەکرێت بپەڕێتەوە بۆ دوورایە (الابعاد) سیاسی و یاسایی و دیمۆگرافی لێرەشەوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە داهاتوویدا.

یازدەهەم: ترس لە هەرەس بە یەکانگیربوونی قەیرانی نیشتەجێبوون لەگەڵ کۆی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی تری ناو کوردستان ئەو ژینگە پڕ نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە بەرهەمدەهێنێ کە ببێتە گووشاری پەڕینەوە بۆ تێکدانی سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

دوازدەهەم: وەك دەرئەنجامێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکە، لاوازی سیستمی بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای وەبەرهێنان کاریگەری نێگەتیڤی خراپی بۆ سەر کەرتەکە بەجێهێشتووە، بۆ نموونە، زۆری مۆڵەتی پڕۆژە و گەورەکردنی ئاستی تێچوونی یەکە بە فەرمی و نافەرمی کە، لە ئاستی توانای دارایی کێرڤی خواست دەرچووە، تەنانەت بۆ پڕۆژە لۆکۆستەکانیش.

## ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوەکە

یەکەم: داڕشتنەوەی یاسای وەبەرهێنان بە ئامانجی
1: جێبەجێکردنی وەکو خۆی
2: جیاوازی بکات لە نێوان وەبەرهێنانی نیشتەجێبوونی "بازرگانی" و "کۆمەڵایەتی" بە پێدانی ئیمتیازاتی زیاتر بۆ بژاردەی دووەم.

دووەم: بەمۆڵکیەتکردنی یەکەی وەبەرهێنان Property Rights & Tenure Security گەورەترین کێشە لەبەردەم قەرزی خانووبەرە بریتیە لە نەبوونی مافی مۆڵکداریێتی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوونە (تاپۆ یان سەنەد) ، بۆیە پێویستە حکومەت ئەم پرنسیپە بەئەنجام بگەیەنێت.

سێهەم: دامەزراندنی بانکی ڕەهنی نیشتەجێبوون(Mortgage Banking System) لەسەر بناغەی خاڵی دووەم پێویستە حکومەت کار بکات بۆ گەڕانەوەی سەرمایەی بازاڕی دۆلارەکە بۆ ناو سیستمێکی بانکی متمانەپێکراو تا ببێتە سەرچاوەی پێدانی قەرزی متمانەپێکراو نەك تەنها پشتبەستن بە داهاتی مووچە.

چوارەم: سیستمی بارمتەی یاسایی (Escrow account) بۆ ڕێگە گرتن لە فەوتانی پارەی کڕیار یان موزارەبە، پێویستە پارەی کڕیار لە هەژمارێکی بانکی تایبەت بە کڕیار دابندرێت بە تایبەتی بۆ یەکە لۆکۆستەکان و وەبەرهێنەر بە پێی ڕێژەی جێبەجێکردن (physical progress) بۆی هەبێت خەرجی بکات.

پێنجەم: سیاسەتی گومرگی ئامانجدار پیادەکردنی سیستمێکی گومرگی خۆپاراستن واتە Protectionism ) نەك سیستمێکی گومرگی ئامانجدار بۆ کۆکردنەوەی داهات کە نەبێتە چەترێك بۆ پاراستنی کەرتە ئابووریەکانی تر وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی.

شەشەم: پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە گۆڕینی دیمۆگۆرافیای یاسایی لە کوردستان پێویستە لەم ڕێگەیەوە، پەیڕەوی ڕێبازی گونجاو بگیرێتەبەر.

حەوتەم: ڕاگرتنی مۆڵەتە نوێیەکان (Moratorium): بۆ ئەم قۆناغە، مۆڵەت بە پرۆژەی نوێ پێویستە ڕابگیرێت لانی کەم بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو کە، قابیلی درێژ کردنەوە بێت بە پێی شیکردنەوەی نوێی واقیعەکە.

هەشتەم: کوردستان و ناوچەکە بە گشتی لەبەر دەم گۆڕانکاری گەورەدایە لە داهاتووی نزیکدا، بە دڵنیاییەوە ئابووری لە پێشینەی ئەو گۆڕانکاریانە دەبێت، بە ئەرێنی یان نەرێنی. بۆیە ئەگەر بڕیاربەدەستی سیاسی کوردستان دەیەوێت ئەو گۆڕانکاریە ئەرێنی بێت، پێویستە بابەتی سیستەمی داتا و زانیاری بکات بە ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکان لە هەموو جومگەکانی حکومەتدا، و دەرگای داتا و زانیاری، بە پێی (پێویست) کراوەبێت بۆ دامەزراوە و کەسانی لێکۆڵەر و پسپۆڕ. تا ئێستا ئەمە گەورەترین خاڵی لاوازی کارگێڕی حکومەتە، چ وەك ئامادەکردنی داتا و زانیاری چ وەك بەردەستخستن.

نۆهەم: زۆر گرنگە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم بە هەماهنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان ڕووپێوی داهات و خەرجی بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و لە کاتەکانی خۆیدا کاری بۆ بکات بە ئامانجی ئاگابوونی بەردەوام لە گۆڕانکاریە تایبەتەکانی داهات و خەرجی خێزانەکان کە، نیشاندەرێکی گرنگە بۆ ڕەچاوکردنی ئاستی خۆشگوزەرانی خێزانەکان بە گشتی.

## سەرچاوەکان


1.International Monetary Fund (IMF). (2011). Housing Finance and Real Estate Markets. World Economic Outlook, p. 162.

2.The financial crisis in Kurdistan and its repercussions on real estate investment in Sulaymaniyah. Journal of University of Human Development.

3.Assessing housing approaches for Iraq: Learning from the world experience. ScienceDirect.
https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S0197397518308737

4.Glaeser, E. L. (2011). Triumph of the City. Penguin Press, p. 184.

5.Al-Hafith, O., Satish, B. K., & de Wilde, P. (2018). A systematic assessment of architectural approaches for solving the housing problem in Iraq. Frontiers of Architectural Research.

6.GIS-based Spatial Analysis of the Evolution of Residential Developments: A Case-study of Sulaimani city, Iraq. Kurdistan Journal of Applied Research.
https://kjar.spu.edu.iq/index.php/kjar/article/view/841

.Harvey, D. (2021). Social Justice and the City (Revised ed.), p. 154.7

8.وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان. (2025). داتای بڵاونەکراو.

9.وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان / فەرمانگەی ئاماری پارێزگای سلێمانی.

10.وەزارەتی کار و دەستەبەرایەتی کۆمەڵایەتی. (2025). داتای بڵاونەکراو.

11.فەرمانگەی دادی کەسێتی پارێزگای سلێمانی. (2025).

پاشکۆکان ... خشتە و فیگەرەکان

پاشکۆی 1

| کەرەستەی بەکارهاتوو لە ژێرخانی پرۆژەکاندا: بەنزیکەیی: (٪ ) ناوخۆی * کەرەستەی بەکارهاتوو لە ژێرخانی پرۆژەکاندا بەنزیکەیی: ( ٪) هاوردە Crosstabulation | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| % of Total | | | | | | | | | | | | | | |
| | کەرەستەی بەکارهاتوو لە ژێرخانی پرۆژەکاندا بەنزیکەیی: ( ٪) هاوردە | | | | | | | | | | | | | |
| Total | 75 | 65 | 60 | 59 | 50 | 40 | 39 | 27 | 20 | 10 | 5 | 0 | | |
| 4.5% | 4.5% | | | | | | | | | | | | 25 | کەرەستەی بەکارهاتوو لە ژێرخانی پرۆژەکاندا: بەنزیکەیی: (٪ ) ناوخۆی |
| 4.5% | | 4.5% | | | | | | | | | | | 35 | |
| 4.5% | | | | 4.5% | | | | | | | | | 40 | |
| 4.5% | | | 4.5% | | | | | | | | | | 42 | |
| 4.5% | | 4.5% | | | | | | | | | | | 45 | |
| 27.3% | | | | | 27.3% | | | | | | | | 50 | |
| 4.5% | | | | | | 4.5% | | | | | | | 60 | |
| 4.5% | | | | | | | 4.5% | | | | | | 61 | |
| 4.5% | | | | | | | | 4.5% | | | | | 64 | |
| 4.5% | | | | | | | | 4.5% | | | | | 74 | |
| 4.5% | | | | | | | | | 4.5% | | | | 80 | |
| 18.2% | | | | | | | | | | 18.2% | | | 90 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | 4.5% | | 95 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | | 4.5% | 97 | |
| 100.0% | 4.5% | 9.1% | 4.5% | 4.5% | 27.3% | 4.5% | 4.5% | 9.1% | 4.5% | 18.2% | 4.5% | 4.5% | Total | |

پاشکۆی ژمارە 3

کەرەسەی ڕووپۆشی بیناسازی هاوردە و ناوخۆ

**Crosstabulation**

کەرەستەی بەکارهاتوو لە فینیشینی یەکەکاندا: بەنزیکەیی:   (٪ ) ناوخۆی * کەرەستەی بەکارهاتوو لە فینیشینی یەکەکاندا: بەنزیکەیی:   ( ٪)   هاوردە

| Total | کەرەستەی بەکارهاتوو لە فینیشینی یەکەکاندا: بەنزیکەیی:   ( ٪)   هاوردە | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 100 | 90 | 88 | 85 | 81 | 75 | 64 | 50 | 46 | 45 | 40 | 32 | 25 | 20 | 15 | 10 | | |
| 4.5% | 4.5% | | | | | | | | | | | | | | | | 0 | کەرەستەی بەکارهاتوو لە فینیشینی یەکەکاندا: بەنزیکەیی: (٪) ناوخۆی |
| 9.1% | | 9.1% | | | | | | | | | | | | | | | 10 | |
| 4.5% | | | 4.5% | | | | | | | | | | | | | | 11 | |
| 4.5% | | | | 4.5% | | | | | | | | | | | | | 15 | |
| 4.5% | | | | | 4.5% | | | | | | | | | | | | 20 | |
| 4.5% | | | | | | 4.5% | | | | | | | | | | | 25 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | | | | | 4.5% | | 28 | |
| 9.1% | | | | | | | 4.5% | | | 4.5% | | | | | | | 36 | |
| 31.8% | | | | | | | | 27.3% | 4.5% | | | | | | | | 50 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | 4.5% | | | | | | 60 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | | 4.5% | | | | | 69 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | | | 4.5% | | | | 71 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | | | | 4.5% | | | 80 | |
| 4.5% | | | | | | | | | | | | | | | | 4.5% | 90 | |
| 100.0% | 4.5% | 9.1% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 27.3% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | 4.5% | Total | |


پاشکۆی ژمارە 3

فۆرمی تایبەت بە کرێنشینان


| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 35-25 | 50-36 | 51- بەرەوژور | | | |
| | | | | | | |
| ڕەگەز | نێر | مێ | | | | |
| | | | | | | |
| پلەی خوێندەواری | خوار ئامادەیی | ئامادەیی | دبلۆم | بکالۆریۆس | ماجستێر | دکتۆرا |
| | | | | | | |
| چەند سەر خێزانە | 3-2 | 5-4 | 6 بەرەوژور | | | |
| | | | | | | |
| کرێی مانگانە چەندە؟ بە هەزار دینار | -100 150 | -151 200 | -201 250 | 300 بەرەوژور | | |
| | | | | | | |
| چەند ساڵە کرێچیت؟ | 2-1 | 4-3 | 6-5 | 7 بەرەوژور | | |
| | | | | | | |
| پیشە | کارمەندی حکومەت | کەرتی تایبەت | خانەنشین | بێکار | | |
| | | | | | | |
| هیچ ئومێدت هەیە سوودمەند بیت لە زەوی نیشتەجێ؟ | هیچ | کەم | مامناوەند | زۆر | | |
| | | | | | | |
| هیچ ئومێدت هەیە سوودمەند بیت لە خانووی نیشتەجێ؟ | هیچ | کەم | مامناوەند | زۆر | | |
| | | | | | | |

# فیگەرەکان


فیگەری ژمارە 2





فیگەری ژماراە 3




فیگەری 4





فیگەری ژمارە 5




فیگەری ژمارە 6





فیگەری ژمارە 7




فیگەری ژمارە 8






فیگەری ژمارە 9




فیگەری ژمارە 10











فیگەری ژمارە 11





## فیگەری ژمارە 12





## فیگەری ژمارە 13





Percent
50
40
30
20
10
0
27.27%
45.45%
9.09%
زۆری مۆڵەتی پرۆژەی نیشتەجێبوون
قەیرانی دارایی و نەبوونی کڕیار
ڕۆتینیاتی ئیداری



Percent
50
40
30
20
10
0
18.18%
22.73%
50.00%
قەیرانی دارایی و نەبوونی کڕیار
ڕۆتینیاتی ئیداری
زۆری ڕسوماتی حکومەت

## فیگەری ژمارە 14





فیگەری ژمارە 14




فیگەری ژمارە 17




فیگەری ژمارە 18





فیگەری ژمارە 19




فیگەری ژمارە 20




فیگەری ژمارە 21




ساڵانی کرێنشینی





فیگەری ژمارە 23


پیشەی سەرۆکی خێزان لە کۆمەڵەی کرێنشین



## فیگەری ژمارە 24




## فیگەری ژمارە 25



دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
مؤسسة رؤية للدراسات الاستراتيجية
Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq